# کورد و نەتەوەخوازی لە سەردەمی جیهانگیریدا

## ئاودێر جەمیل مستەفا



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تەموزی ٢٠١٨

# کورد و نەتەوەخوازی لە سەردەمی جیهانگیریدا

ئاودێر جەمیل مستەفا

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تەموزی ٢٠١٨

## پێڕست

پوختە ........ ٢
سەرەتا ........ ٣
چوارچێوەی تیۆری ........ ٤
تیۆری ڕەخنەیی ........ ٤
نەتەوایەتی ........ ٨
ئاڵۆزییەکانی نەتەوەخوازی ........ ١٠
نەتەوایەتی و جیهانگیری ........ ١١
داواکاری نەتەوایەتی و پێداویستی سیستمی نێونەتەوەیی ........ ١٣
سیستمی نێونەتەوەیی ........ ١٣
پێداویستی سیستەمی نێونەتەوەیی بۆ نەتەوایەتی ........ ١٧
کوردستان و ڕوانگەی نێودەوڵەتی ........ ١٩
ڕوانین بۆ جیهانگیری و نەتەوایەتی ........ ٢٢
ئەنجام ........ ٢٦
سەرچاوەکان ........ ٢٨

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نەتەوەخوازی لە سایەو کاریگەری جیهانگیریدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. نەتەوایەتی چ وەك ئایدۆلۆجیا و جولانەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یەکێك لە پرۆسەکانی دروست بونی دنیای نوێ بووە. گرێدانی پەیمان نامەی وێستفالی ١٦٤٨ بەتایبەتیش دوای شۆڕشی فەرەنسا نەتەوەخوازی وەك بیرۆکەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ڕەواجی پەیدا کرد کە مرۆڤایەتی بەسەر گەلانی جیاوازی دنیا دابەش بووە، هەر گەلێك هەلگری تایبەتمەندی خۆیەتی پێویستە حکومەت و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. ئەمەش وای دەکرد لەگەڵ ئەوەی هەستی نەتەوەخوازی دەبووە هۆی یەکگرتویی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایدا لە هەمانکات دەبووە هۆی جیاکردنەوەو رق و کینە لە بەرامبەر دراوسێ و میللەتانی تر لە هەمان ناوچەی جوگرافیایی  کە بزوێنەر و هۆکاری گەلێك لە جەنگەکانی ئەوروپا بووە تا ساڵی ١٩٤٥ لە هەمان کاتدا واقعێکی گرنگی دنیای پەیوەندیە نێو نەتەوەیەکان بوو. بەڵام وا دێتە پێش چاو ئەم بزوێنەرە بەهێزە پەیام، سیاسەت و ئاراستەکردنەکانی لە سەردەمی جیهانگیریدا ئاستەنگی بۆ هاتبێتە پێش. جیهانگیری وەك پرۆسەیەکی گشتگیر ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر بابەتە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتیەکانی لە دنیای هاوچەرخ هەبووە، بە شێوەیەکی ئاسۆیی ژینگەی دەوروبەری خۆی خستووەتە ژێر گاریگەرییەوە. هەر ئەمەش وای کردوە نەتەوایەتی لە هەردوو ئاستی شوناسی نیشتمانی، شوناسی نەژادی کاریگەری جیهانگیری پێوە دیار بێت. پرسێك لەم توێژینەوەیەدا بەدوای وەڵامدانەوەیدا‌ین ئەوەیە، جیهانگیری چۆن کاریگەری لەسەر نەتەوەخوازی داناوە و کورد لە باشوری کوردستان چۆن لەم بەرداشە کاریگەری وەرگرتووە.

## سەرەتا

نەتەوەخوازی یان نەتەوایەتی لەسەرەتای دەرکەوتنی واتە کۆتایی سەدەی هەژدە تا پەرەسەندنی وەك ئایدۆلۆجیا ناسراوە، بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە سەرتاسەری جیهان پەرەی سەند. سەرەتای سەدەی نۆزدە ئەوروپا بینەری پەرەسەندنی نەتەوەخوازی لە یۆنان، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیرلەند بوو، پاشان لە ئیمپراتۆرە فرە نەژادییەکان، نەمسا –مەجەرستان، پروس، ڕوسیا، عوسمانی پەرەی سەند. نەتەوایەتی وەك ئایدۆلۆجیا و جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگی جیهانی پاش وێستفالی بووە، تێیدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ڕوی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی پێیان نایە قۆناغێکی نوێ. نەتەوایەتی بووە بزوێنەرێك هۆکاری هێنانە ناوەوەی شوناسی نوێ و هێزی تازە، لە لایەکی تر نەتەوایەتی بووە مایەیی جەنگی گەورەی نێوان وڵاتان و جەنگی ناوخۆ، بەردەوام بونی تا جەنگی جیهانی دووەم.

نەتەوایەتی وەك ئایدۆلۆجیا بریتیە لە کۆمەڵێك بیرۆکە بۆ ڕێکخستنی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، شێوازی سیاسی گونجاو بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە ڕویی سیاسی و چۆنیەتی بەرێوەبردنی پەیوەندیەکان لە نێوان حکومەتەکاندا دەخاتە ڕوو. نەتەوایەتی باسێکی زۆری لە بواری زانستی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و لە بواری پەیوەندیە نێونەتەوەیەکان بەشێوەیەکی تایبەت هێناوەتە پێشەوە. بەشێك لەم باسانە تایبەتە بەوەی بۆچی نەتەوایەتی بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، بەشێکی تری تایبەتە بە ئاڵۆزیەکانی نەتەوایەتی و داواکاریەکانی نەتەوەگەری بەپێی پێداویستیەکانی سیستمی نێونەتەوەیی. لەبەرامبەریدا پرۆسەی جیهانگیری وەك بازرگانی ئازاد، کۆچ، سەرو نەتەوەخوازی کەلتوری[1]، ئازادی سازی، نەتەوایەتی دوچاری دژیەکی کرد ئەویش ئایا نەتەوایەتی پێویستی بە پارێزگارییە یان لەگەڵ بابەتی جیهاگیری پەرەبسێنێت و هاوتەریب بچێتە پێشەوە.

جیهانگیری وەك ئانتۆنیۆ گیدنز ئاماژەی بۆ دەکات "جیهانگیری ئەتوانرێت بەشێوەی زیادکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی جیهان پێناسە بکرێت، کە ناوچە جوگرافیایە دورەکان بە جۆرێك پێکەوە دەبەستێتەوە ڕوداوەکانی ناوچەیەك کاریگەری لەسەر ناوچەکانی تر لە ماوەیەکی کەم دادەنێن". نەتەوایەتی وەك شوناسی نیشتمانی، شوناسی نەژادی هەڵسانەوەیەکی گرنگی دا بەو نەتەوانەی لە ژێردەستی داگیرکەر و دەوڵەتی ستەمکاریدا بوون. نەتەوایەتی وایکرد کە شوناسە جۆراوجۆرەکان بە شێوازێکی نوێتر و دامەزراوەتر ئامانجەکانیان ئاڕاستەبکەن. گەرچی ستەم و دگیرکاری کۆلۆنیالیزم بابەت و جوڵانەوەی نەتەوەخوازی خێراتر کرد بەڵام لەم جەدەل و کێشمەکێشی نەتەوەخوازی بەهۆی سێبەر و فشاری کۆلۆنیالیزم هەندێك لە شوناسە نەتەوایەتی یەکان خواستەکانیان پەراوێز خرا. لەم ڕوانگەیەوە کورد وەك نەتەوەیەك دابەش کراوە بەسەر چەند وڵاتێکدا بە جۆرێك لە ئاستی نێونەتەوەیی وەك نەتەوەیەکی خوار نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

1 Cultural Transnationalism

ئەم شوناسە نزیك چل ملیۆنیە پێچەوانەی ڕوی فەلسەفی نەتەوایەتی بێ خواستی خۆیان دابەش کران. ئەم توێژینەوەیە لەپاڵ کاریگەیەکانی جیهانگیری لەسەر نەتەوایەتی لە هەمان کاتدا مەبەستیەتی ئەوە بخاتە ڕوو کە سیستمی نێونەتەوەیی لە ئێستادا چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆزی نەتەوەخوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوە کورد لە باشور کوردستانی دەکات و ئەو هەنگاوانە چین گرنگە کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی بیگرێتەبەر. ئەم توێژینەوەیە سود دەبینێت لە دیدگاکانی تیۆری ڕەخنەیی بۆ ئاڕاستە کردن و تێگەشتنی کاریگەری جیهانیگیری لە سەر نەتەوەخوازی.

## چوارچێوەی تیۆری

### تیۆری ڕەخنەیی

سەرەتا و بنەمای دەسپێکی تیۆری ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە بۆ دروست بونی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە ٢٢ مانگی حوزەیرانی ١٩٢٢ لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا واتە (قوتابخانەی فرانکفۆرت). هەرچەندە دەبێت بزانین کە لە ئێستادا چەمکی تیۆری ڕەخنەیی[١] ئاماژە بە دنیابینی فراوانتر لە پەیوەندیە نێونەتەوەیەکاندا[٢] دەکات. ئەندامانی سەرەکی ئەم تیۆریە، ماکس هۆرکهیمر (١٨٩٥-١٩٧٣)، تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٠٣-١٩٦٩)، دەستەی دامەزرێنەرانی ئەم زاراوەیە بوون؛ هێربێرت مارکوس(١٨٩٨-١٩٧٩) تیۆرستی سەرەکی (چەپی نوێ)[٣] لە دەیەی ١٩٦٠، یورگن هابرماس (١٩٢٩- b)، ئاکسیڵ هونیس (١٩٤٩- b) دیارترین تیۆریستی ڕەخنەیی لە دەورەی تازەدا بوون(Andrew,47,2007).

تیۆری ڕەخنەیی، بە واتایەکی تایبەت لەژێر کاریگەری دیدگاکانی دامەزراوەی فرانکفۆرتی ڕەخنەیی، وە هەندێك کات دیدگاکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی مارکسیستی ئیتاڵیای تێدایە. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی تیۆری ڕەخنەیی ئەوەیە لە باسەکانی بونیادی زانین ناسی[٤]، هەست ناسی[٥]، قوڵ دەبێتەوە، پێیان وایە بابەتە نێونەتەوەیەکان بابەتی سەروتیۆری، ئەمەش وا دەکات ببنە جێگەی ڕەخنەی تیۆریە گرنگەکانی جوڵانەوەی سەرەکی(لیبرالیزم، ڕیالیزم) چونکە پێیان وایە بابەتە نێونەتەوەیەکان بابەتی ناوەڕۆکین نەك سەرو تیۆری. ئەم بابەتی سەروتیۆریە لە بیری فرانکفۆرتیەکان، گرامشی بەتایبەتیش سەرچاوەی الهام بەخشی ئەو مێژونوسی ئیتاڵی (ڤیکۆ[٦]) دەبینرێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە(مشیرزادە، ٢٠١٠، ٢١٤-٢١٥).

باسی گرامشی لە پەیوەندیە نێونەتەوەیەکاندا ڕەخنەیی زانین ناسی و هەست ناسی لە ئەزمونگەری و سەلماندنگەریەکان، کە ژێرخانی گرنگی تیۆریستی گرامشی و ڕەخنەگریەکانە. ڕێگە چارەی گرامشی ئەوەیە لە

1 Critical theory
2 International Relation
3 New left
4 Epistemological
5 Ontological
٦ (Giambasttista Vico) جیامباتیستا ڤیکۆ(١٦٦٨ - ١٧٤٤)، فەیلەسوف و مێژونوسی ئیتاڵی.

بەرامبەر پەیکەرگەری نامادی دەوەستێتەوە و پێی وایە شیاوی ڕویەکی مرۆڤی و رویەکی مێژویی هەیە" گۆڕانی مێژویی تا ئاستێکی زۆر لە ئەنجامی هەوڵی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لێك دەدرێتەوە". کەواتە لێرەدا نەتەوەخوازی یان نەتەوایەتی بابەتێکی نامادییە، پیادەکردن و هێنانە کایەی وەك بیرۆکە هەوڵ و کۆششی مرۆڤایەتیە. مێژوی گرامشی بەو واتایە دێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەی کۆکردنەوە و کردنەوەی کۆتایی-یە(open-ended)، بەو واتایەی کە کۆتایی پرۆسەیەك دیار نیە و گرنگیەك بۆ گەشتن بە بارودۆخێکی تایبەت بونی نیە، لە ئەنجامدا هەر دیاردەیەك مێژویی (historicity) تایبەتی خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا شێوازێك لە گرنگی مێژویی بونی هەیە بە واتای ئەوە دێت هەندێك لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانێکی گەورەی سیاسی لە چوارچێوە سنوردارەکان دروست دەکات و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو سنورانەی پێناسە کراون سنوردار نین و لە چوارچێوەی دیالێکتی کۆمەڵایەتی دروست بون و قابلی گۆڕانن. ئەو پەیکەرانەش وەك ئایدۆلۆجیا، دامەزراوەکان، پەیکەری ئابوری- کۆمەڵایەتی، تیۆریەکان، ئەمانە هەموو دەکرێت بە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤایەتی گۆرانیان بەسەردا بێت( مشیرزادە، ٢٠١٠: ٢١٦). لێرەدا ئەگەر نەتەوەخوازی لە شۆرشی فەرەنسی و دنیای ئەوکاتە مانا و مەبەستی هێنانە کایەی دیموکراسی و ڕزگاربون لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری رۆم بەرگریکردن لە سنور و جوگرافیایی دانیشتوانی ناوچەیەك بوو بێت، ئەوا دەبینین لە ئاسیایی خۆرئاوا جۆریك لە بیرۆکەو شێوازی یان ئیسلامیزم و یان عەرەبیزم لەخۆ دەگرێت، کە ئەمەش جۆریك لە گۆڕان و مانای جیاوازتر لەخۆگرتن لە چەمکی نەتەوەخوازی نیشان دەدات.

لەو ڕوانگەیەوە کە نەتەوایەتی وەك ئایدۆلۆجایەك ناسراوە، ڕای ئەمان ئەوەیە سیستمە فکریەکان زیاتر ناڕاست و هەڵخەڵەتێنەرن کەسانی نوخبەی کۆمەڵایەتی دایانمەزراندون ڕەواجیان پێداوە. هەموو ئەم لایەنە گرنگانە دامەزراوەی رەخنەیی لەبەرامبەریان وەستاوەتەوە دەتوانرێت لە ژێر ناونیشانی خاڵی باڵا ناو بهێنرێت. پێیان وایە دونیای تازە بە کۆتا خاڵی دەسەڵات بەسەر تاکدا گەشتووە، چیتر ناتوانرێت بەسەر هەموو لایەنێکی تاکدا دەسەڵاتی هەبێت و چاودێریکردن بەسەر تاکەوە زۆر سەرکەوتو نەبووە ئیتر پێویستی بە چاودێری ڕاستەوخۆی رەهبەرانەوە نیە، چالاکەوان خۆی دەسەڵاتی بەسەرخۆیدا هەیەو ئەتوانێت بە سودی رەفتاری کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت(ابراهیمی،٨١- ٢٠٠٧،٨٢). ئەمەش بەو واتایە دێت دەکرێت جۆرێکی تر و دنیا بینیەکی تر لە ڕوانگەی نەتەوایەتی، جیهانبینی بهێنرێتە کایەوە، چیتر نوسینەکان یان گەنگەشە و قسەی ڕێبەرە سیاسیەکان ناتوانێ وەك ڕابردوو کاریگەری لەسەر تاك هەبێت، لێرەدا تاك بە هزر و دنیا بینی خۆی توانای شرۆڤە و لێکدانەوەی چەمك و سیستمە فکریەکانی هەیە خۆی وەك چاودێرێك تەماشا دەکات.

تیۆری ڕەخنەیی هەوڵێکی فکری و لەهەمانکاتدا کرداریە. ڕوداوەکان لەو ڕوانگەوە بەرهەمی مێژوی و کۆمەڵایەتیە، ئەم جیهانەش کە ئێمە خوێندنەوەی بۆ دەکەین بەرهەمی بۆچون و هەوڵی مرۆڤایەتیە. دیدگاکان، هەوڵەکان، بارودۆخی ئیستای کۆمەڵایەتی شیاوی گۆڕانن، تیۆری رەخنەیی بەدوای تێگەشتنی ئەم گۆڕانکاریانەوەیە(مشیرزادە،٢٠١٠، ٢٢٠). تیۆری رەخنەیی لەسەر هەوڵ و جموجوڵی سیاسی جەخت دەکاتەوە،

پشانی دەدات کە چۆن کۆمەڵگایەکی جیاواز لە دڵی سیستمی کۆمەڵایەتی مەوجود لە حاڵی پێگەشتن و دروست بوندایە. لە کاتێکدا پۆزەتیزمەکان[1] ئامانجیان لەسەر بنەمای ڕێساکانی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی دوبارە بونەوە و پێشبینی رەفتاری ئایندەیە. بەڵام لەدیدی رەخنەگریەکان و قوتابخانەی فرانکفۆرت قوڵ بونەوە لەو تایبەتمەندیانەی دوبارەبونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێسا چەسپاو و باوەکان ئەتوانێت بە ئەنجامێکی ترسناك بمانگەیەنێت ئەویش کۆت و بەندی ناڕاست کە بەدەست و پێی مرۆڤەکانەوە دەبەسرێت بەردەوام بێت نایەکسانی مەوجود بەهێز دەکات و ئەگەری خراپ لێکەوتنەوەی لێ دەکرێت(Andrew,52,2007).

لەم تێڕوانینەوە، کردنەوەی گفتوگۆ لە ئاستی جیاوازدا بەتایبەتیش لە ئاستی فەرهەنگی ئەتوانێت وەك ئامێرێك بۆ شکڵ گرتنی تێگەشتنی تازە لە سیاسەتی جیهانی بێنێتە پێشەوە، هەتا بە پێدانی بوار بۆ ئەو دەنگە پەراوێزخراوانە (marginal voices) لە پێناو خستنە ڕووی بیری ڕەخنەیی تازە لە تیۆری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان یاریدەدەری دەکات. لە ڕوانگەی هەست ناسی رەخنەیی، سروشتی مرۆڤ و هەوڵی مرۆڤایەتی ڕوبەڕوی تەحەدا ئەکاتەوە و سروشتی مرۆڤ جێگیر و جەوهەری دانانێت و شیاوی گۆڕانە، هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی لەهەر کات و زەمەنێکدا بونی هەیە بەو جۆرە شکڵ دەگرێت. بەشێوەیەکی گشتی دروست بونی کۆمەڵایەتی و شوناسی چالاکوانەکان دەبەستێتەوە بەو زەمەن و کاتەی کە تێیدا دەژین (مشیرزادە، ٢٠١٠، ٢٢٤).

دیدی تیۆری رەخنەیی بۆ نەتەوایەتی سەرچاوەکەی لە فکری مارکسیزمەکان، بونیادگەرەکان[2]، پۆست پەیکەریەکان[3]، عادەتی ژنباوەڕەکانەوە[4]، هاتووە. مارکسیزمەکان پێیان وایە کە نەتەوە نمونەیەکە لە "ئاگایی نادروست[5]" وەهمێکە کار دەکات لە ناو چینی کرێکار ڕێگردەبێت لە ناسینی سودی ڕاستەقیەنەی ئەوان. بە شێوەیەکی تایبەت جەخت لە پەیوەندی دەوڵەت دەکاتەوە لەگەڵ چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگا(لێرەدا زیاتر مەبەست لە چینی سەرمایەدا و دەوڵەتە کە جۆرێك لە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان سەرمایەیی سەرمایەداران و سیایەتمەدار و سیاسەتی حکومەت هەیە کە بابەتی ناسیۆنالیزم ئەتوانێت بزوێنەرێکی باش بێت بۆ وەبەرهێنانی ئەو ئامانجە دیاریکراوەی نێوان ئەم دو چینە)، پێیان وایە نەتەوایەتی کاردەکات بۆ شێواندن و شاردنەوەی هێزی ڕاستەقینەی چینی نابەرابەر، ڕێگری لە شۆرشی کۆمەڵایەتی دەکات. بونیادگەریە کۆمەڵایەتیەکان، ڕەخنەیان لە وێنەی شوناسە نەتەوەییە جێگرەکان گرتووە، پێیان وایە کە هەستی نەتەوەیی بنیاد و دروست کراوی پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە. پێیان وایە دروست کردنی نەتەوە لە لایەن خودی

---

1 Positivism
2 constructivist
3 poststructuralist
4 feminist traditions.
5 false consciousness’

نەتــەوە خوازەكانــە، ئەمــەش هاوســۆزە لەگــەڵ ئــەو تێگەشــتنەی ئیریــك هاوبســباوم[1] وێنــەكردنی نەتــەوە وەك "خولقێنەری عاداتە[2]".

دیدی پۆست پەیكەربەندیەكان، پۆست مۆدێرنیزمەكان[3]، بۆ نەتەوایەتی بۆ ئەوەیە لە دڵی پرۆژە نەتەوەیی-یەكان باسێك یان كۆمەڵێك چیرۆك هەیە لە پەرتوكە مێژوییەكان، چیرۆكە خورافیەكان، ئەفسانەكان، هتر.. سەرچاوەیان گرتووە. بە لەچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندیانە و ئەفسانەیانە زەمەنێكی دور و درێژ ڕیشەیان لەناو كۆمەڵگا داناوە، وادەكات نەتەوەكان بە تایبەتمەندی خۆیان ئاشنا بكات. لەلایەكی تر، تیۆری ژنباوەڕە نەتەوایەتیەكان، زیاتر لە چوارچێوەی رەگەزی لە بابەتی شوناسی نەتەوەیی دەكۆڵنەوە. نەتەوە بە ناونیشانی ژن "سەرزەمینی دایك[4]" لەبری " سەرزەمینی باوك[5]" وێنە دەكرێت. بۆچونێك جەخت دەكاتەوە ژنان بە ناونیشانی دوبارە دروست كردنەوە (بایۆلۆجی) نەتەوە بە ناونیشانی سومبولی بەها و فەرهەنگی نەتەوەین، (كە عادەتەن جەخت لە: ماڵ، پاكی، خۆویستی)[6] دەكات. لەلایەكی تر پێیان وایە كاتێك نەتەوە وەك نێرینە لێك بدرێتەوە ئەوكات شوناسی میللی دەبەسرێتەوە بە ئازایەتی، خۆپەرەستی، داگیركاری، ئارەزوی تێكەڵ كردنی نەتەوایەتی بە سەربازیگەری زیاد دەكات، خودی نەتەوایەتی دەخاتە مەترسی و ناسازگاریەوە Heywood: (2011 , 162).

بەشێوەیەكی گشتی تیۆری ڕەخنەیی شێوازێكی شۆڕشی بەخۆ دەگرێت بەرامبەر سیستمە كۆمەڵایەتی و فكریەكان، ئەمان پێیان وایە دەكرێت جۆرێك لە دنیا بینی جیاواز لە بەرامبەر چەمكی نەتەوە و نەتەوەخوازی سیستمە فكریەكان بەشێوەیەكی گشتی بهێنرێتە ئاراوە گەرچی ئەمە بە واتای سفركرنەوەی شوناس و زمان و ئاین و بەها كۆمەڵایەتیەكان نییە، بەڵام بەواتای باشتر ناسینی ئامانجە سیاسی و بەرژەوەندیە هاوبەشەكانی نێوان كایەیەكی نەتەوەیەتی و كۆمەڵایەتیە، لە هەمان كات دوركەتنەوە لە ڕەواج پێدانی مەرام و لایەن و چینێكی دیاری كراوی كۆمەڵایەتی بەسەر ئەوانی تردایە. هەوڵێكە بۆ هەرچی نزیكردنەوەی بەها و بەرژەوەندیە هاوبەشە جیهانی و سەرتاسەریەكان.

1 Eric Hobsbawm’s
2 ‘invented traditions’
3 postmodernist
4 motherland
5 fatherland
6 (usually emphasizing the home, purity and selflessness)

## نەتەوایەتی

دەوڵەتی نەتەوە گرنگترین یەکەی ژیانی سیاسیە لە دنیای مۆدێرندا. لە ڕابردودا ئیمپراتۆرەکان، قەبیلە، دەوڵەت شارەکان، یەکەی گەورەی ژیانی سیاسی بوون، بەڵام نەتەوە لە بەرامبەر چەمکانێکی وەك شار و قەبیلە بە ناونیشانی یەکەی ژیانی سیاسی چەمکێکی ئالۆزترە بەتایبەتیش لە پێکهاتە و بنەمای ئەودا بۆچونی جیاواز هەیە. تیۆریستەکان، بنەمای پێکهاتنی نەتەوەیان لە چەند بوارێکی جیاواز تەماشا کردووە، ئەویش بونی دامەزراوەیەکی سیاسی یەکگرتوو، کەلتور و زمانی هاوبەش، پێشینەی مێژوی... هیتر. ڕێوشوێنی فکری شۆڕشی فەرەنسی یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی بنەمای پێکهاتنی نەتەوەیە. لەسەر ئەو بنەمایە گرنگترین پێکهاتە بۆ نەتەوە تەنها زمانی هاوبەش، نەژادی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش نیە، بەڵکو یەکگرتوی سیاسی لە دامەزراوەی سیاسی گرنگترین پێکهاتەی نەتەوەییە. یەکێك لە شۆڕشگێرانی فەرەنسی وای وتووە کە"نەتەوە کۆمەڵە کەسانێکن لە ژێر حکومەتێکی یاسایی ژیان بەسەر ئەبەن". بۆیە پێگەشتنی نەتەوە نیازمەندی پێگەشتنی دەوڵەتە، چەمکی دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسی ژیربێژیانە و مێژویان پێشرەوی بەسەر نەتەوە هەیە. لەم ڕوەوە کەسانێك لە ناو سیستمێکی سیاسی بالاتر لە نەژاد و عەشیرەت ژیان بەسەر ئەبەن ئەوا بە نەتەوە ئەژمار دەکرێن(بشیریه، ۲۰۰۸،۳۱). گەرچی لێکدانەوەی جیاواز بۆ چەمکی نەتەوە هەیە، ئەم چەمکەش کەوتوەتە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەو ژینگە سیاسیەی کە ئاراستەی دەکات وە زۆرێك جەخت لە بونی زەوی، زمان و کەلتوری هاوبەش دەکەنەوە گەرچی ئەمانە بۆ پێکهاتنی نەتەوە گرنگن بەڵام نابێتە ڕێگر لەوەی چەمکی نەتەوە لە یەکەیەکی سەروترەوە تەماشا بکرێت ئەویش ئەوەیە چەمکی نەتەوە گەورەتر لە شوناسی نەژادی، فەرهەنگی و زمانییە.

شەپۆلی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی بەشێوەیەکی تایبەت لە سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا پەرەی سەند بەجۆرێك بانگەشە بۆ نەتەوایەتی دەکرا نەبونی نەتەوە بارودۆخێکی زۆر ناپەسەندە و خەڵك بەم ئاڕاستەیە پاڵدەنرا. جێم رابرتز لە کتێبی خۆیدا لە ژێر ناونیشانی ئەروپا لە نێوان ساڵانی ۱۸۸۰-۱۹۴۵ دەڵێت: "خواستی نەتەوەیی لە ئەوروپا کلیلی گۆڕانگاری سیاسی دەوڵەتانی ئەوروپای لە چارەکی کۆتای سەدەی نۆزدەهەم بووە. لە ڕاستیدا نەتەوە ویستی هۆکاری دروست بونی دەوڵەتانی تازەو هێزی تازەی سەربەخۆ لە ناوچەکانی باڵکان و خۆرئاوای ئەورپا بوو (بزرگمهری، ۲۰۰۹،۴۷).

کاراکتەرە تازەکان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی واتە دەوڵەتانی نەتەوە لە سەدەی شانزدەهەم، حەڤدەهەم هەنگاوی یەکەمی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی رەها بەجێهێشت بە شێوازێکی بێ وێنە دەستیاندایە ئەوەی زیاترین هێز و سەروەری بکەنە پشکی خۆیان. چونکە ئەمانە پێشتر لە ژێر دەستی ئیمپراتۆرەکان بوون و چوارچێوەی دەسەڵاتیان سنورداربوو. دەوڵەتانی نەتەوە لە سەر چوار بنەمای سەرەکی، زەوی، خەڵك، سەروەری، حکومەت، دروست دەبون. گرنگترین بنەما بۆ ئەوان سەرزەوی بوو تا ئەوجێگەیە کە بیانتوانیایە دەیان ویست چوارچێوەی دەسەڵاتی جوگرافیای خۆیان فراوان بکەن. بەڵام هێشتا خەڵك یان کۆمەڵگا بەوشێوەیە لە

چوارچێوەی نەتەوە نەناسرا بوو، ئەو دانیشتوانانە بە نەتەوە ئەژمار دەکران کە لەژێر دەستی دەسەڵات داری ئەو جێگەیە ژیانیان بەسەر دەبرد. لەم ماوەی دوسەد یان سێ سەد ساڵەدا دەوڵەتانی نەتەوە لە قاڵبی دەوڵەتی سوڵتانی[1] بە پیشت گوێ خستنی دەوڵەتانی ناوخۆیی و فیۆدالی و چڕکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی سەرقاڵ بوون. دەکرێت دەوڵەتی لویسی چواردەهەم نیشان بدرێت وەك دەسەڵاتی ڕەهایی ئەو سەردەمە بە دروست کردنی دامەزراوەیەکی ئیداری ناوەندی. ئەو ماوەیەی بە پەیماننامەی وێستفالی ساڵی ١٦٤٨ دەست پێ دەکات و بە کۆنگرەی ڤییەنای ساڵی ١٨١٥ کۆتایی دێت، سەرەتا فەرەنسا بە دیاری کردنی سنوری جوگرافیای خۆی دەستی پێکرد، پاشان بەریتانیا، دواتریش پروس و نەمسا لە پەیکەری ئیمپراتۆری مقدس بەشێوەیەکی سەربەخۆ جیابونەوە. ئەم دەوڵەتانە خۆیان بەرزکردەوە بۆ ئەو هەرەمەی بە هێزی نێودەوڵەتی ناسرابوو. ئەم ڕوداوانە لە ئەوروپادا هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی ئیمپراتۆریەکانی وەك عوسمانی و ڕۆمی مقدس و سوید و پۆڵەند لە حاڵی هەرسی یەکجاری یان ڕێژەیدا بوون. بەم شێوەیە جوگرافیا و نەخشەی ئەوروپا لە بارودۆخی گۆڕاندا بوو سیستمێکی چەند جەمسەری لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز لە حاڵەتی دروست بوندا بوو. بەشێوەیەکی گشتی سەدەی هەژدەهەم قۆناغی پێگەشتنی پێشکەوتنێك بوو لە ڕینسانسەوە دەستی پێ کردبوو، عەقڵ گەری ژێرخانی مەعریفەی تازەبوو لە دنیای نوێدا، شۆرشی فەرەنسی کەسانێکی بە دەسەڵات دەگەیاند پارێزەری ئەندێشەی نوێ و تێگەشتی نوێ لە چەمکی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە بوون(نقیب زادە،٢٣،٢٠١١).

ئەوروپا سەرچاوەی دەستپێکی نەتەوەخوازی بووە. دەکرێت نەتەوایەتی ئەروپا بە دوو بەش دابەش بکرێت. یەکەم: خۆرئاوای ئەروپا، زیاتر لەسەر تێگەشتنی سیاسی لە بارەی مافی تاك لە کۆمەلگاو خەڵکی وڵات جەختی دەکردەوە دەوڵەتی سەرزەمینی پێك هێنا. ئەم جۆر لە نەتەوایەتیە زیاتر بە نەتەوایەتی بەرژەوەندی خواز ناسراوە بنەمای نا سیاسی کردوەتە بنەما بۆ دەوڵەت نەك نەژاد، زمان، دەکرێت سویسرا وەك نمونە وەربگیرێت. دووەم: نمونەی ئەڵمانیا و ئەروپای ناوەندو ئەوروپای خۆرهەڵات، نمونەیەکی تری نەتەوایەتی بوون بە نەتەوایەتی ڕۆمانتیك ناسرابوو. جەخت لە بنەمای زمانی دایك، فەرهەنگی مێژوی، وابەستەی نەژادی دەکردەوە. نەتەوەگەری نا ئەروپایی لەسەرتا سەری دنیا گەشەی کرد، هەستانەوە و گۆڕان خواستی لەگەڵ هەنێك خواستی کۆمەڵگا جۆرێك لە نەتەوایەتی ڕۆمانتیکیان پێکهێنا، بۆ نمونە هاوسۆزی دینی لە شێوە قارەی هیند ناسیۆنالیزمی پاکستانی دروست کرد. ئەمە لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا ئامانجی ڕەدکرنەوەی دەسەڵاتی کلێسا بوو. لە وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپی نەتەوایەتی جۆری ئەروپایی لە نمونەی سویسرا بە شێوەیەکی گشتی نەهاتە دی بەو واتایەی بەرژەوەندی بێتە بنەماو هەوێنی پێکهاتنی نەتەوایەتی بەڵکو لەم وڵاتانەدا نەتەوایەتی زیاتر تیشکی خستە سەر شەڕی ئازادی لە بەرامبەر کۆڵونیالیزم و پێکهێنانی نەتەوە لەسەر شوناس و سیاسەتێکی دیاری کراو. بۆ نمونە لە تورکیا سەرەڕای بانگەشەی نەتەوە و جەختکردن لە نەتەوەی تورکیایی بەڵام ئەم دەوڵەتە نەیتوانیوە وەك نەتەوەی تورکیا لە کوردەکان بڕوانێت زۆرترین کات بە

1 State-Prince

شێوازی میلیتاری ڕوبەڕویان بووەتەوە لە ئەنجامدا لە دیموکراسی ڕاستەقینە دورکەتووەتەوە بەو هۆیەوە نەیتوانیوە بە نەتەوایەتی ئاشتی خواز ڕێگا بکاتەوە(عنایتی، ٢٠٠٣،٦٢).

دەکرێت بوترێت نەتەوایەتی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا پێناسە نەکراوە. هەر گەل و دەوڵەتێك لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خۆی نەتەوایەتی پێناسە دەکات ئامانجی خۆی پێ دەباتە پێشەوە. نەتەوایەتی بە ئامانجی یەکگرتوی نەتەوەیی بنەمای جۆراو جۆری بۆ هێنراوەتە کایەوە کە خودی ئەم بنەمایانە گیرۆدەی نا ڕونیە. یەکگرتوی نەتەوەیی پێویستی بە بونی نەتەوە هەیە و لەو ڕوانگەیەوە پێناسەی نەتەوە ناڕونە بۆیە ناتوانرێت یەکگرتویی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا ڕوون بکرێتەو. ئەگەر بمانەوێت چوارچێوەی جوگرافیایی بۆ نەتەوە بەهەند وەربگرین ئەوکات چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەو سنور و جوگرافیانەدا بکەین کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێودەوڵەتی شەڕ گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش وا دەکات چەمکی نەتەوە دوچاری ئاڵۆزی و ناڕونی بکات. ئەکرێت بپرسین ئایا نەتەوە لە قاڵبی جوگرافیا دروست دەبێت یان لە قاڵبی نەژاد، زمان، ئەمانە وا دەکات چەمکی نەتەوە و نەتەوەخوازی ناڕون بێت وە خۆبەخۆ دیالێکت و دیدی جیاواز لەخۆهەڵگرێت. ئالێرەدایە کە تیۆری رەخنەیی جەختی لێ دەکاتەوە، ئەو چەمکانەی کە پێناسە کراون سنوردار نین و لە چوارچێوەی دیالێکتی کۆمەڵایەتی دروست بون و قابلی گۆڕانن. ئەو پەیکەرانەش وەك ئایدۆلۆجیا، دامەزراوەکان، پەیکەری ئابوری- کۆمەڵایەتی، تیۆریەکان، ئەمانە هەموو دەکرێت بە هەوڵ و کۆششی مرۆڤایەتی گۆڕانیان بەسەردا بکرێت.

## ئاڵۆزییەکانی نەتەوەخوازی

ئەوەی ڕوونە نەتەوایەتی بەدەر لەوەی بووە هۆی ڕێکخستی کۆمەڵگا لە فۆڕمێکی سیاسی نوێ و بەخشینی شوناسی نەتەوەیی بە دانیشوانەکەی دروست کردنی پەیوەندی ئابوریی، دیبلۆماسی، کەلتوری لە نێوان گەلانی دنیادا، بەڵام لە هەمان کاتدا نەتەوەگەری هۆکارێك بوو بۆ هێنانەکایەی ئاڵۆزی و بەریەك کەوتنی نەتەوەکان، هاودژبونی بەرژەوەندیەکان، سەرئەنجام خستنە ناوەوەی مرۆڤایەتی بۆ ناو جەنگی درێژخایەن و ناکۆکی درێژخایەن.

لەکاتی دەرکەوتنی دەوڵەتانی نەتەوەیی، ناسیونالیزم بە سەرچاوەی دامەزراوەی یاسایی و سیاسی بە ناونیشانی بنەمای جیاوازی و دیاریکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی ناسێنرا. لە هەمان کاتدا "نەتەوە" و ئیرادەی نەتەوەیی تا شۆرشی فەرەنسی لە چوارچێوەی شك و دودڵی مابویەوە. دوای ئەوە ئەم ئەندێشەیە هاوڕا لەگەڵ جەنگەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپا بڵاو بویەوە وایکرد ببێتە یەکێك لە بنەماکانی گۆڕانکاری سەدەی نۆزدەهەم و هۆکاری دیاری کردنی ڕێگای ئەو سەدەیە بوو. یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ئەم ئەندێشەیە ئەو بەربەستە بوو کە کۆنگرەی ڤێنای هێنایە کایەوە. پێوەری سەرەکی گرێبەستەکانی (١٨١٥ ڤیەنا) پەیوەندی هێز بوو، زلهێزەکان نەتەوە بچوکەکانیان بێ لەبەرچاو گرتنی خەونی ئەوان لە ناوخۆیاندا بەشکرد، سەرزەمینی

زۆریان لـه شـازادەکانی سـاکس بـه بیـانوی پشـگیری لـه نـاپلیۆن جیـا کـردەوە، بـەلجیکایان خسـتە سـەر هۆڵەنـدا، ئیتالّیایان وەك شێوەی سـەرەتا جیـاکردەوە  هـەر ناوچـەیەکیان خسـتە ژێـر ڕکێفـی دەوڵـەت و هێزێکـی بێگانـە، ئیرادەی نەتەوەی ئەڵمانیایان بۆ یەکگرتوی نەتەوەیی خۆیـان پشـتگوێ خسـت و خسـتیانە ژێـر ئیـدارەی نەمسـا، چارەنوسی مەجەڕستان و ناوچەی باڵکانیان بەهەمان شـێوە دیـاری کـرد. بـەم شـێوەیە بـوو هەسـتی نەتەوایـەتی شێوازی شۆرشی بەخۆیەوە ببینێ و ببێتە بزوێنەری سەرەکی جەنگەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە تایبەتی شۆرشی ١٨٣٠ لەگەڵ لیبرالیزم و شۆرشی ١٨٤٨ لەگەڵ دیموکراسی تێکەڵ کرا (لێـرەدا مەبەسـت لـە لیبرالیـزم و دیموکراسـی جۆرێك لە بیرۆکەی میانرەوی کرانەوەی زیاتر لە نێوان کایەی سیاسی و هیانانە ناوەی دادپـەروەری جۆرێـك لـە بازرگانی ئازاد لەخۆدەگرێت، بەڵام ناسیۆنالیزم لەو سەردەمەدا شێوازێکی شۆڕشی و توندڕەوی بەخۆوە گرت وای کرد ئەم چینە میـانڕەوە دیموکراتخـوازە بخاتـە ژێـر کاریگـەر و سـحری خـۆی). شـەڕەکانی یـەکگرتوی ئیتاڵیـا و ئەڵمانیا قەیرانی ناوچەکانی باڵکان، ئەمانە هەموو لە ژێر فشاری نەتەوایەتی شێوازیان وەرگرت هۆکاری هێنانـە ناوەی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، گەرچی هۆکار گەلێکی تر هەبوون بۆ جەنگی جیهانی یەکـەم بـەڵام بەلایـەنی کەمەوە هۆکاری دروست بونی جەنگی جیهانی یەکـەم لـە ژێـر پاڵنـەرەکانی ناسـیۆنالیزم دروسـت بـوو، وای کـرد کۆمەڵێك لە نەتەوەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات بە سەروەری نەتەوەی خۆیـان بگـەن، هـەر بۆیـە کۆمـەڵێك پێیـان وابوو کۆتایی هێنان بە قەیرانی ناسیۆنالیزم هۆکـاری چارەسـەری بەشـێك لـە کێشـەکانی تـرە( نقیـب زادە، ٢٠١١: ٨٣).

پەیکەری سیستمی نێونەتەوەی پاش جـەنگی جیهـانی یەکـەم شـێوە گـرتن و بارودۆخەکـەی لـە سـەقامگیری تـەواوەتی بەهرەمەنـد نـەبوو. سیسـتمی نێونەتـەوەی لـە دەیـەی ١٩٣٠ پێـی نایـە نـاو گریمانـەکان و ڕێکارەکـانی ڕیالیزمی سیاسی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان. هاتنەسەر دەسـەڵاتی پـارتی نـازی لـە ئـەڵمانیا، زیـادبونی هێـزی پارتی فاشیست لە ئیتاڵیا، سیاسەتی سەربازیگەری یابان، هەموو ئەمانە جیهانیـان پلـە بـە پلـە لـە گریمانـەکان و ڕێکارەکانی لیبرالیزمی سیاسـی دورکەوتـەوە پایـەکانی سیسـتمی پێشـویان پارچـە پارچـەکرد کـە پێـك هـاتبو لـە هاوسەنگی هێز(بزرگمهری، ٢٠٠٩ : ٣٠٢). پاشان دنیا کەوتە ناو جەنگی جیهانی دووەم ، پێشبرکێی چـەك، چـەکی ئـەتۆمی، دابەشـکردنی جیهـان بەسـەر دوو بلـۆکی خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا، شـەڕی سـارد، شـەڕی نوێنەرایـەتی لـە ناوچەکانی ژێر نفوزی هەردوو بلۆك هەموو ئەمانە  بەشێکی زۆری بابەتی نەتەوەخوازی ئاڵۆزیەکانی سیاسـەتی نەتەوەخوازی لە پشتەوە بوو بە پلەی یەکەم.

## نەتەوایەتی و جیهانگیری

نەتەوایـەتی بـە واتـای بابـەتێك لـە ڕابـردودا هۆکـاری نـاکۆکی و جـەنگی نێـوان وڵاتـان بـووە. میراتێکـی بـە جێهێڵراوی داگیرکەر لە جهیانی سێیەم، تایبەتمەندییەکی نادروست، بەڵام پێویستی نێو دنیای نێودەوڵەتی بووە. بە هۆکاری سەقامگیری ئاشتی نێودەوڵەتی لە نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا، ئازادبونی وڵاتان ژێردەستی کۆلۆنیالیزم

له ڕابردوو، کەم کەم بابەتی ناسیۆنالیزم پشت گوێ خرا. بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە پەسەند کرا کە وڵاتان کەمتر بابەتی ناسیۆنالیزم بەرامبەر بەیەکتر دێننە ئاراوە، لەبری ئەوە سود دەبینن لە بابەت گەلێکی وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، بۆئەوەی هاوکاری نێوانیان زیاتر بەهێز بکات. لە ڕابردودا چاوەڕێی ئەوە دەکرا جیهانگیری زیاتر ببێتە هۆی تێکەڵی، یەکگرتنی دەوڵەتان، کۆمەڵگای زیاتر و گەشەکردنی: هاوکاری نێودەوڵەتی، بازرگانی ئازاد، هەتا ئەو شوناسانەی پێشتر جەختیان لە دەوڵەت و شوناسی نەتەوەیی دەکردەوە کەوتنە ژێر کاریگەری جیهانگیریەوە. لەسەر ئەم باوەڕە دەردەکەوێت هیچ شتێك وەك نەتەوایەتی لە پارادۆکس نیە لەگەڵ جیهانگیریدا (فرید، ٢٠٠٩:٩٧٢).

نەتەوایەتی لە وڵاتانی گەشەسەندو، وڵاتانی تازە گەشەکردودا بە ئاشکرا دەردەکەوێت دانیشتوانەکەی خواستی زیاتریان بۆ خودمختاری لە ناوخۆی وڵات هەیە، یان پەلپ دەگرن لە بازاری ئازاد و شەپۆلی کۆچ بۆ وڵاتەکەیان. ئەم بۆچونەش پێچەوانەی ئەوەیە دەوترێت جیهانگیری کاریگەری لەسەر نەتەوایەتی داناوە. پەیامەکانی جیهانگیری زۆرن، بە پلەی یەکەم ڕونە جیهانگیری لە پرۆسەیەکی جیاواز و زۆر پارادۆکس گەشە دەکات. دروست بونی بازاری جیهانی، گواستەوەی کاڵا، تەکنەلۆژیا، گەشتی گەشتیاران لە نێوان وڵاتان بووە هۆی هەڵوێستەی کەسانێك کەوا دەزانن جیهانگیری هەرەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان. ئەم هەڵوێستە لە وڵاتانی گەشەسەندو زیاتر لە بەرامبەر دیاردەی کۆچ و بازرگانی ئازاد زیاتر دەردەکەوێت. لە بەرامبەردا بۆچونی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەو هەستە دروست دەبێت کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی گەشەسەندو، هەربۆیە نەتەوایەتی لە ڕوانگەی یەکەم دەتوانرێت وەك دژیەك لە بەرامبەر جیهانگیری تەماشا بکرێت. بەڵام لە لایەکی تر نەتەوایەتی دیاردەیەکی جیهانگیریە، بڵاوبونەوەی شەپۆلی نەتەوایەتی لە دەهەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ نیشانەی شکستی نەتەوە سازی بە تایبەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەی دنیا کۆمەنیزمە، گەرچی لە بنەمادا ناسیۆنالیزم لەگەڵ بابەتەکانی مارکسیزم و کۆمەنیزم یەکناگرێتەوە. پاش هەرەسی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩١ چوار وڵات بەشێوەی سنوری نەتەوەیی هەرەسیان هێنا، یەکێتی سۆڤێت، چکسلوڤاکیا، یوگسلافیا، اسیوپیا. لە ئەنجامدا بیست و دوو وڵاتی تازە دروست بون. هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە فشاری کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆرئاوا بەسەر دنیای کۆمەنیزم بوو. لە سەردەمی جیهانگیری، خەڵك تێکەڵبونیان لەگەڵ وڵاتانی گەورە نەدەویست بەڵکو خواستی جیابونەوە و مافی چارەی خۆنوسین و دەست گەشتنیان بە بازاری ئازاد لەسەر بنەمای ویستی خۆیان هەبوو. لەلایەکی تر هەرەسی کۆمەنیزم بووە هۆکاری دروست بونی جۆرێکی تر لە نەتەوایەتی ئەم بابەتە زیاتر لە ئەڵمانیا، چین، کۆریا، دەردەکەوێت. پەیوەندی نێوان جیهانگیری لەگەڵ نەتەوەگەری لەلایەك بووە هۆکاری زیاتر جیابونەوە، لە لایەکی تر بووە هۆی یەکێتی و نزیکبونەوەی زیاتر وەك یەکێتی ئەوروپا.(فرید،٢٠٠٩:٩٧٤). لێرەدا تیۆری ڕەخنەیی باش خۆی پشان دەدات ئەویش ئەوەیە، شێوازێك لە گرنگی مێژوی بونی هەیە بە واتای ئەوە دێت هەندێك لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانێکی گەورەی سیاسی لە چوارچێوە سنوردارەکان دروست لێرەدا ئەگەر نەتەوایەتی بە واتای داخستی دەرگای خۆت و سنوردار کردنی

دنیای خۆت بە ڕوی دەرەوەدا بوبێت لە ڕابردوو، کەواتە لەم سەردەمدا بڵاوبونەوەی بازاری جیهانی لابردنی تەعرەفەی گومرگی و چالاکی کۆمپانیا چەند میللەتیەکان لەسەرتاسەری جیهان چۆن ناتوانێت بابەتی نەتەوەیی و نەتەوەخوازی بخاتە ژێر کاریگەریەوە، وەك تۆماس فریدمان ئەڵێت لە ژیان لە دنیایەکی ماکدۆناڵیدا کە هەموو لایەنێکی بەخێرای دەچێتە پێشەوە چۆن ناتوانێت نەتەوایەتی و بیرۆکەی نەتەوایەتی بخاتە ژێر کاریگریەوە. گەرچی لێرەدا جیهانگیری زیاتر ڕووە ئابوریەکەی دەردەکەوێت بەڵام گرنگە خوێنەر ئەوە بزانێت کە نەتەوەخوازی لە سەدەی نۆزدەهەم کە ڕەونەقی پەیدا کرد زیاتر سیاسەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بوو ڕووەکانی ناسیۆنایزمی خێراتر دەکرد، وا دیتە پێش چاو لە ئێستا دوبارە ئابوریە بابەتی نەتەوایەتی دەخاتە ژێر کاریگەریەوە و سنورەکانی تێك دەشکێنێت, گەرچی تیۆری ڕەخنەی تیۆرێکی هەمەلایەنەیە گرنگی زۆر بە بەهاکانی تر دەدات بۆ هێنانە ناوەی تێڕوانینی نوێ لە کایەی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی.

## داواکاری نەتەوایەتی و پێداویستی سیستمی نێونەتەوەیی

بۆ ئەوەی لە داواکاریەکانی نەتەوایەتی و پێداویستی یەکانی لە ئاستی جیهانی و سیستمی نێونەتەوەی تێبگەین و ڕونی بکەینەوە، سەرەتا گرنگە ئەوە بزانین خودی سیستمی نێونەتەوەیی چیە، جیهانی دوای جەنگی سارد خاوەنی چ جۆرە سیستمێکە و گرنگییەکان، پلە بەندیەکان، دابەشکردنی ئەرکەکان چین. گەرچی لە ئاوا باسێکدا ناتوانرێت مێژوی گۆڕان و کاریگەری سیستمی نێونەتەوەیی لە پرسە سیاسیەکانی سەردەماندا بخرێتەڕوو، بەڵام لانی کەم ئەم توێژنەوەیە هەوڵ دەدات خوێنەر ئاشنا بکات بەم بابەتە.

## سیستمی نێونەتەوەیی

چەمکی سیستمی نێونەتەوەیی[1]، دەکرێت بە دوو مانا لیك بدرێتەوە ئەویش مادی[2]، نامادی[3]، لە واتای یەکەمدا بە مانای کۆمەڵێك لە دەوڵەتان و کارکتەرە نێودەوڵەتیەکان دێت کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە. تارادەیەك جموجوڵەکانیان بەستراوە بەیەکتر و کاریگەری لەسەریەکتر دادەنێن. بۆیە تایبەتمەندی کار و کاردانەوە وا دەکات لەبەرامبەر یەکتر جوڵەو بەرپرسیاریەتی بنوێنن. واتای دووەم بەوە دێت ئەم کاراکتەرانە کاتێ بۆنەو پرۆسەکان، جمجوڵەکان لە نێوانیان دەگوزەرێت وا دەکات کۆی پرۆسەی سیستمی نێودەوڵەتی پێ دیاری بکرێت کە ئایا ئەم سیستمە (یەك جەمسەرە، دوو جەمسەرە، چەند جەمسەرە، شۆڕشی، یان میانڕەو)ە، کە ئەمانە وادەکات هەستی ناکۆکی و هاوکاری پێ دەست نیشان بکرێت.

---

1 International System
2 Concrete
3 Analytic

لێرەدا ئێمە نامانەوێت بەشێوەیەکی مێژویی بچینە سەر باسی سیستمی نێونەتـەوەیی، بـەڵکو بۆمـان گرنگـە کە بزانین سیستمی نێونەتەوەیی ئەم سەردەمە لە چ جۆرە سیستمێکە. بێگومـان ئەمـەش پێویسـتی بـە زانـینی پرسـە نێودەوڵەتیـەکانی ئـەم سـەردەمەیە. بـۆ ئـەوەش بـزانین لەگـەڵ سیسـتمی پـێش خـۆی بـەراوردی بکـەین پێویستی بە ناسینی سیستمی پێشوە. ئەوەی ئاشکرایە لە مێژودا، سیستمی نێونەتەوەیی بینەری چەند شێوازێك لـە ڕەفتـار بـووە، لەوانـەش هـەژمونی کـە تێیـدا دەسـەڵاتی ئیمپراتۆرەکـان زاڵ بـووە بـەردەوام بـوو تـا هەرەسـی ئیمپراتۆرەکـان و دروسـت بـونی دەوڵـەتانی نەتـەوەیی. پاشـان دروسـت بـونی دەوڵـەتانی نەتـەوە پـێش جـەنگی یەکەمی جیهانی سیستمێك هاتە ئاراوە لەسـەر بنـەمای هاوسـەنگی هێـز کـە بـەریتانیا دەورێکـی کاریگـەری تێـدا دەگێڕا. پاشان بەهۆی نـاڕێکی لـە دابـەش کردنـی هێـز و سـەروەت لـە نێـوان ئـەم هێـزە جیهانییـە ئـەڵمانیا وەك هێزێکـی گـەورە دەرکـەوت بـەهۆی سیاسـەتی نەتـەوەخوازیی تـەماع کارانـە پێشـبڕکێی فـراوان کردنـی ناوچـەو دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە نێوان ئەم زلهێزانە وای کرد شکسـت بـەم هاوسـەنگیە بهێنێـت دنیـا بخاتـە نـاو جـەنگی یەکەمی جیهانی لە دوای جەنگ پاشانیش قەیرانی ئابوری ١٩٢٩ درێژەکێشانی تا جەنگی دووەمـی جیهـانی. پـاش جەنگی دووەمی جیهانی سەرەڕای دروستبونی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێنانی ناوەوەی چەند ڕژێمێکی ئـابوری، سیاسی، یاسایی، بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی پرسـە نێودەوڵەتیـەکان و چارەسـەرکردنیان بـە شـێوازی دیپلۆماسـی وەلانانی کێشـە ئاڵۆزەکـان، بـەڵام سیسـتمی نێونەتـەوەیی پێـی نایـە دوو جەمسـەری و پێشـبڕکێ چـەك و چـەکی ئەتۆمی لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت بووە هۆی دابەش کردنی دنیا بەسەر دوبەرە، بەردەوام تـا هەرەسـی یەکێتی سـۆڤێت لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی ١٩٨٩. لێـردا بۆیـە مەبەسـتمانە بـاس لـەم سیسـتمە نێودەوڵەتییـە بکـەین چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بابەتی نەتەوەگەری و خواستەکانی، سیاسـەتەکانی و ئامانجـەکانی، دەبیـنین بـەهۆی ئـەو جـۆرە سیاسـەتانەوە وای دەکـرد سیاسـەتی نەتـەوەخوازی لـە هەنـدێك شـوێن شـێوازی هێرشبەری[1] و لە هەندێك شـوێن شـێوازی بـەرگری[2] لـەخۆ بگرێـت ئەمـەش لـە بابـەتی کۆلۆنیـالیزم بەتـەواوەتی ڕونە.

کۆتای شەڕیی سارد دەسـپێکی دەیـەیی ١٩٩٠، بیروبۆچـون لـە بـارەی سیسـتمی نێودەوڵـەتی ئیسـتا لـە جێگـەی جـۆراو جـۆر دەخرایـە ڕوو. بەشـێوەیەك چ مۆدێلـە کۆنـەکان کـە پەیکـەری هاوسـەنگی هێـز، جەمسـەربەندی، پەیکەری ئاسایشی دەستە جەمعی. لە لایەکی تـر پێشـنیاری پەیوەنـدی نێـوان ئـابوری و سیاسـەت، بیروبۆچـونی تازە دەربارەی ئاسایش، ڕۆڵی مافی مرۆڤ، کاریگەری ژینگە، ستراتیژ لەبارەی ئـازادی سـازی مـرۆڤ. هـەموو ئەمانـە کۆمەڵێك بۆچون و ڕێکارو پێشنیار بون لەبارەی سیستمی نێودەوڵەتی. ئـەم بۆچـونە لـە سـاڵی ١٩٩٠ واتـە کاتێـك جۆرج بۆش سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا بیرۆکەی سیستمی نوێی نێودەوڵەتی خستە ڕوو، بۆشی بـاوك لـە کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرواری ١١ سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٠ وتی:

---

1 Offence
2 Defensive

**"سەردەمی نوێ، ڕەها بون لە مەترسی تیرۆریزم، بەهێزتر بۆ سەقامگیری دادپەروەری، ئاسایشتر بۆ دەست گەشتن بە ئاشتی، سەردەمێك تێیدا نەتەوەكانی جیهان بتوانن بەو خۆشگوزەرانیە بگەن هاتوەتە بون. جیهانێك حكومەتی یاسا جیگەی یاسای دارستان بگرێتەوە، جیهانێك لە نێویدا نەتەوەكان ئەركیان دابین كرنی دادپەروەریە، ئازادی بە فەرمی بناسن، لە كۆتایدا جیهانێك بەهێزەكان ڕێز لە بێ هێزەكان بگرن"** (كلارك، ۲۰۰۹: ۱۳۸۸).

ئەم ئامانجانە بەشێوەیكی جیا پێ دەچێت زۆر گرنگ بن، بەلاّم پرسیار ئەوەیە ڕێكار چیە و چۆن دەتوانرێت هەموو ئەم ئامانجانە لە یەك پاكێجدا كۆبكرێنەوە. یان چۆن پلە بەندی بەم ئامانجانە بدرێت كام پێشینەی هەیە بەسەر ئەویتردا. سەردەمی پاش جەنگی سارد دەورەیەكی دیاری كراو و كۆتاییەكی ڕونی نیە. هەربۆیە دیاریكردنی تایبەتمەندییەكانی دژوار دەبێت. لە ئێستادا خوێندنەوەی فراوان لە بارەی ڕووەكانی سیستمی ئێستا هەیە لەوانەش، ( تیرۆریزم، ڕووەكانی نەتەوەیی بون، شوناس و ڕووەكانی پەیوەندیدار بە رەفتاری پاراستنی ئاشتی، دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانە، ناسەقامگیری دارایی، جیهانگیری، پرۆسەی دیموكراسی، ناوچەگەری، یەكپارچەیی، گوزەری ئابوری، ناسەقامگیری ناوچەیی، پرسی بلاّوبونەوەی ئەتۆم)، بەلاّم لە ئێستادا پەرتەوازییەك دەبینرێت، لێكۆڵنەوەیەكی فراوان لەبارەی ڕێكخستنی سیستم لە دوای شەڕی سارد دەرنەخراوە(كلارك، ۲۰۰۹: ۱۳۸۵).

بەكورتی ئێمە لە ئێستادا لە دوڕیاندایین لەو ڕووەی دەوڵەتەكان بەشێك لە ئەركەكانیان سپاردووە بە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، كاراكتەرە نا دەوڵەتیەكان، یان كاراكتەرە سەرونێودەوڵەتییەكان. پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە كراوە سیستمی نێونەتەوەیی كۆمەڵێك ئەرك دیاری دەكات لە نێو دەوڵەتەكاندا پێویستە دەوڵەتان لە بەرامبەر ئەوانەدا بەرپرسبن. لە ڕابردودا تا ڕادەیەك سیستم ئەركی پاراستنی دەوڵەتان بوو تا ئەوان بتوانن خۆشگوزەرانی كۆمەلاّیەتی بۆ دانیشتوانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن. بەلاّم ئەم بابەتە لەئەمڕۆدا بەشێوەیەكی فراونتر ئالۆزبووە. بەشێكی گرنگی ئەم ئەركانە، (دابین كردنی خۆشگوزەرانی كۆمەلاّیەتی، چاودێری مافەكانی مرۆڤ، دەستگەشتن بە زانیاری، ئاسایش، هیتر) لە سەرچاوەیەكی سەروتر لە دەوڵەت شێوە دەگرن. سەرەڕای ئەمەش دەكرێت بوترێت هێشتا دەوڵەت كاراكتەری گرنگی بابەتە نێودەوڵەتیەكانە هێشتا سەرچاوەی جولاّندنی پرسەكانی ڕۆژن، ئەمەش بەو واتایە نیە كە هیچ سیستمێك بونی نیە، بەلاّم ئەم دەوڵەتە بە جیهانی بونانە هێشتا لە چوارچێوەی سیستمێك پەیوەندیان هەیە لەگەڵ مێژوی خۆی جیاوازی هەیە و لە ئێستادا بە شوێن ڕێكارێكە كە بتوانێت ئاوێنەدانەوەی هەموو ئەو ئالۆزیانە بێت.

ئەگەرچی جیهانگیری یەكێك لە بنەماكانی سیستمی جەنگی سارد بوو دوای ئەویش بە شێوازێكی قوڵتر و فراوانتر دەركەوت لەهەمانكاتدا بە یەكێك لە بنەماكانی سیستمی ئەم سەردەمە دادەنرێت. پێویستە بە شێوەیەكی بەردەوام جیهانگیری لە سیستمی نێونەتەوەیی ئێستا تەماشا بكرێت، ژێری ئەم بیرۆكەیە ئەوەیە

سیستمی نێونەتەوەیی ئێستا ناکرێت وەك دیاردەیەکی تازە تەماشا بکرێت، چونکە سیستم لەناوخۆیدا بنەما گەلێکی تێدایە کە لە سەردەمی جەنگی ساردیش هەبون، لەوانەش ئاسایشی دەستە جەمعی ناتۆ. ئەم گوفتارەش بۆ ئەوەیە سیستمی ئێستا جیاواز لە سیستمی پێشو تەماشا نەکەین(کلارك ، ٢٠٠٩ : ١٤٠٤). ئەوەی جیاوازە سیستمی ئێستا کۆمەڵێك پرسی نێودەوڵەتی جوڵاند لە سیستمی پێشودا پشت گوێ خرابون یان نەدەتوانرا دەستیان بۆ ببرێت. بۆ نمونە دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانە لە ساڵی ١٩٩١ بۆ کوردستانی عێراق و دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایش دروست کردنی هەرێمێکی کوردی لە باشوری کوردستان دەکرێت وەك دەسکەوتێکی سیستمی نوێ لەقەڵەم بدرێت. لەلایەکی تر پرۆسەی دیموکراسی سازی و ئازاد کردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لە رژێمی پێشوو، جەنگ دژی تیرۆر لە ئەفغانستان و لە عێراق لە دەستی داعش بە بابەتە گرنگەکانی سیستمی نێودەوڵەتی دابنرێت، گەرچی ئەم پرسانە چارەسەری ڕیشەیی نەکراون بەڵام وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوی بو بۆ ئەم ناوچەیە. کە ئەمانە لە سیستمی پێشودا بە هۆی بنەمای دەستێوەرنەدان بە پێی پەیمان نامەی نەتەوەیەکگرتوەکان و پاراستن و ڕێزگرتن لە سەروەری و ئازادی سیاسی دەوڵەتان یان ناوچەی ژێر دەستی جەمسەرەکان کە نەدەتوانرا بە ئاسانی دەستێوەردان بکرێت. لێردا دەوڵەت وەك تۆپێکی بلیارد لە سیستمی پێشو تەماشا دەکرا و کارو باری ناوخۆی پەیوەندی بە دەوڵەت خۆیەوەی هەیە کە قورس دەبوو دەستێوەردانی ڕاستەوخۆبکرێت. بەڵام سیستمی نوێ کۆمەڵێك ئەرکی هێنایە ناوە کە کۆی سیستمی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە بەرامبەریدا لێی بەرپرسیار بون. بۆیە دەستێوەردان لە ناوخۆی وڵاتان لەسەر بابەتە مرۆییەکان جۆریك لە کاڵکردنەوەی دەسەلأتی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕایگشتی جیهانی.

ئەستەمە سیستمی ئێستا بە تەواوەتی دەست نیشان بکرێت، پاش جەنگی سارد وا لێك دەدرایەوە ئەم سیستمە یەك جەمسەریەو ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات، هەوڵیدا ئاشتی ئەمریکای بەسەر جیهاندا بسەپێنێ و هەنگاویشی بۆ نرا، دەکرێت جەنگی ئەفغانساتان و جەنگی عێراقی ٢٠٠٣ هەژمونی ئەمریکای بە ڕونی پێوە دیار بێت. بەڵام لەوە بەدوا نە ئەمریکا ئەو توانا ئابوریەی ماوە بۆ بەرەوپێشچونی ئەو بابەتە، نە هێزەکانی تری دنیاش ملکەچی بێ مەرجی ئەمریکان بۆ پرسە جولێنراوەکان دەبن لەلایەن ئەمریکاوە دەخرێنەڕوو، بەڵام لە لایەکی تر هێشتا ئەو هێزەش دروست نەبووە و نایەتە پێش چاو کە بتوانن هاوپەیمانی لە دژی ئەمریکا بخەنە ڕوو. بۆچون هەیە ئەم سیستمە بۆ چەند جەمسەر بەندی هەنگاو دەنێت و تێدا هێزی جیهانی و هەرێمی لە هەوڵی خۆ دەرخستنن بۆ ئەو بابەتە. ئەمریکا لە چوارچێوەی نەفتا[1]، ئەروپا لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا، روسیا لە شێوازی بەرژەوەندی هاوبەش، چین و هند و یابان بە پەیوەست بون بە هێزەکانی ناوچەیی، ئەمانە هەموو پێش بینیەکانی سیستمی ئەم سەردەمەیە(نقیب زادە، ٢٠١١: ٣٠٣). بەڵام دەکرێت بوترێت ئەم سیستمە لە بارودۆخی گوزەردایە هەنگاوەکانی بە تەواوەتی ڕوون نین.

1 NAFTA : North American Free Trade Agreement

## پێداویستی سیستەمی نێونەتەوەیی بۆ نەتەوایەتی

لە باسی سەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد پێداویستەیەکانی سیستمی نێونەتەوەیی کۆمەڵێکن و تەنها لە بابەتێکدا کورت ناکرێنەوە. ئەگەرچی لە کۆندا بابەتی فراوان بونی کۆڵۆنیالیزم لە هەمان کات ڕزگار بونی نەتەوەکانی ژێردەستە لە کۆڵۆنیالیزم و گەشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی مژاری گەرمی سیستمی نێودەوڵەتی ئەوکاتە بوون. بەڵام لە پاش ئەوە کۆمەڵێك مژاری تر هاتنەوە ئاراوە کە سەقامگیری نێودەوڵەتیان خستە نا ئارامیەوە. ئێمە ئاماژەمان بەوەداوە بابەتی نەتەوایەتی پرسێکی گرنگ و حەتمی نێو دنیای پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە، بەڵام سیستمی ئێستا تەنها بە پرسی نەتەوایەتی سەرقاڵ نیە بەڵکۆ کۆمەڵێك پرسی تر هاتونەتە ئاراوە کە چارەسەر نەکردنیان دەکرێت کۆی سیستم و سەقامگیری بخاتە مەترسیەوە. ئەوانیش بابەتی (یەکپارچەی، ئاسایش، تیرۆر، مافی مرۆڤ، بە دیموکراسی کردن، شوناس و ئالۆزییەکان، ژینگە، هەژاری و بلاوبونەوەی برسێتی، نا هاوسەنگی ئابوری، یاسای نێودەوڵەتی، لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی، ناکۆکی ناوچەیی، دەست تێوەردانی مرۆڤ دۆستانە، جیهانی بون، هیتر) هەموو ئەمانە پرسی گرنگی نێودەوڵەتین دەبێت لە نێوان پێداویست و گرنگی بەراورد بکرێت کە کام بابەت و مژارێك بۆ ئێستای دونیا گرنگن، کام مژارێك پێشنەی هەیە بەسەر ئەوانی تردا، گەرچی دوبارە وڵاتانی زلهێز دەستێکی باڵایان هەیە لە تۆخکردنەوەی زیاتری کام لەم بابەتانە و دەستەبەندیەکانی.

بابەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین شتێکی نوێ نیە لە بابەتە نێونەتەوەیەکاندا. بەڵام ئەوە گرنگە بۆ سیستمی نێونەتەوەی هاوسەنگیەك بکات لە نێوان سەقامگیری و دادپەروەی. چونکە داواکاریەکان میللەتان بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسین هێجگار زۆرن، هیچ کەس ناتوانێت باوەڕ بەوە بهێنێت کۆمەڵگایەك لە جیهان بە داواکاریەکی ڕەوای تایبەت بە شوناسی خۆی دەبێت خاو ەنی دەوڵەت نەتەوەیی بێت. بۆ نمونە زیاتر لە دە هەزار زمان لە دونیادا هەن هیچ کەس ناتوانێت باوەڕ بەوە بهێنێت زیاتر لە دەهەزار وڵات هەبن و دەبێت دروست ببن لەسەر بنەمای زمانی هاوبەش. کاتێك یەکێتی سۆڤێت هەرەسی هێنا کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ئامادەبوو پێشوازی لە بیست و دوو دەوڵەتی بەسەربەخۆ بکات. بەڵام ئەم پەسەند کردنەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا ڕادەیەك بە بێ مەیلی بوو، وڵاتانی جیهان کۆدەنگیان لەسەر ئەوە هەبوو پێویستە هەرچی زوترە ئەم پرۆسەی سەربەخۆیە راگیرێت. جێ سەرسوڕمان نیە دامەزراوەی پاشایی بابەتە نێودەوڵەتیەکانی لەندەن لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۹۳، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی بەریتانیا دۆگلس هرد[1] ئاماژەی بەوەدا:

**"ئومێدوارین بینەری دروست کردنی دەوڵەتانی زیاتر نەبین"**

سیستمی نێودەوڵەتی هەمیشە جەختی لەسەر دوو بنەما کردووەتەوە، ئەوانیش سەروەری وڵاتان و پاراستنی ئاشتی نێوانیان. بەشێوەیەکی گشتی وا لێك دراوەتەوە مافی چارەی خۆنوسین هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەو دوو

1 Douglas Hurd

بنەمایە. کاتێك ناکۆکی لەسەر ئەم بابەتە دێتە پێشەوە ڕێگە چارەی، هاوکاری، دادوەری، ڕاپرسی، بەرژەوەندی وەك لیکتێگەشتن، بۆ گەشتن بە ڕێکەوتننامەی ئاشتی سەپێنراو بونی هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی بزانین جەدەل بونی هەیە، جەدەلێك بوبێتە هۆی نا دادپەروەری و شەڕ پێویست ناکات بۆ ڕابردوی دور بگەڕێینەوە، ئەویش ئەوەیە بنەمای هاوسەنگی هێز لە سیستمی نێودەوڵەتی لەگەڵ مافی چارەی خۆنوسیندا دژ بەیەکن: پاراستنی ئاشتی نێوان وڵاتانی زلهێز بووە هۆی ڕێکەتننامەی نێوان وڵاتانی زلهێز لەسەر ئەو ناوچانەی لە ژێر نفوز و ڕکێفی خۆیانن[1]. بۆنمونە لە دەیەی ١٧٩٠ ڕوسیا و پروس، پۆڵەندا پێش ئەوە وڵاتێکی سەربەخۆی پادشای بوو لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. لە دەورانی شەڕی سارد وڵاتانی ڕۆژ ئاوا ڕێگەیان دا یەکێتی سۆڤێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتانی ئەورپای خۆرهەڵات و دانیشتوانی بسەپێنێ، بۆ نمونە ( ڕاپەڕینی خەڵکی مەجەرستان ١٩٥٦ و ڕاپەڕینی چیچانیەکان ١٩٩٤ بە دواوە، هیچ هەڵوێستێك لە دونیای خۆرئاوە بۆ مافی چارەی خۆنوسینی ئەمانە نەبینرا. هەروەها لە ناوچەکانی تری جیهان بە بیانوی ئاسایشی ناوچەیی گوێ بە داواکاری خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ مافی چارەی خۆنوسین نەدرا لەوانەش: وڵاتانی ئەفریقایی ساڵی ١٩٦١ تا شەڕی ئەسیوپی دەستی پێکرد، تا ساڵی ١٩٩١، بە واتایەك تا نەکەوتنە ئەمری واقع تایبەت بە ناساندنی مافی ئەریتریەکان بۆ سەربەخۆی لە ئەسیوپیا ڕێگریان کرد. یان هیچ وڵاتێك ڕازی نابێت و ئامادە نیە حەقی نزیکەی چل ملێون کورد لە عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدرێت(فرید، ٢٠٠٩: ٩٨٩).گەرچی پاش جەنگی سارد و هەرەسی سۆڤێت بۆ کوردەکانی باشور هەلی سەربەخۆیی ڕێژەی هاتە پێش بەڵام ئەمە بەس نەبوو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر ئەو کوشتاری بەکۆمەڵەی بەسەریان هاتبوو لە ژێر بڕیاری ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانەی بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە کرد.

پاش جەنگی سارد سیستمی نێودەوڵەتی، وڵاتانی زلهێز ئەرکی ئێستای نێودەوڵەتیان لەوە دەبینیەوە جیهان پێویستە لەبەرامبەر داواکاریەکانی سیتمی نێودەوڵەتی پلەبەندی بکات، نەك بەو واتایەی تەنها جەخت لە بابەتێك بکرێت و بنەماو بابەتەکانی تر پشت گوێ بخرێت. ئەگەر سەرنج بدرێت سیستم لە پێناو نەگەڕانەوەی بۆ ئاڵۆزیەکانی سیستمی پێشو جەنگی سارد، هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی چەکی ئەتۆمی، تیرۆریزم، بە دیموکراسی کردن، جیهانی بون و پەیامەکانی، قەیرانی ئابوری جیهانی، کاریگەریەکانی ژینگە، سەقامگری ناوچەی. هەر ئەمەش کۆمەڵێك پرسی هێنایە ناوەوە لەوانەش ڕوداوی یازدەی سێپتەمبەر. ڕوبەروبونەوەی ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان و لابردنی تاڵیبان. پرۆسەی ئازادی سازی عێراق بە پاساوی بونی چەکی ئەتۆم. لە لایەکی تر روبەڕوبونەوەی ڕێکخراوی داعش، ڕێکەوتنامەی وڵاتانی زلهێز لەگەڵ ئێران لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی. قەیرانی ئابوری دنیای خۆر ئاوا، کۆنگرەی ژینگە لە پاریس، پرسی ئەتۆمی کۆریای باکور. هەموو ئەمانە گەرمترین مژاری نێودەوڵەتی بوون کە سیستم لە پێشینەکانی کاری خۆی داینابون و کاری لەسەر کرد. هەرچەندە بابەتی نەتەوایەتی و سەربەخۆی بەشێکی دانەبڕاوی سیستمی نێودەوڵەتیە بەڵام لە

1 Spheres of Influence

سیستمی ئێستای دەوڵەتان جەخت لە یەکپارچەیی و گواستەوەی ئابوری پێکەوەبەستی ئابوری سەقامگیری جیهانی و ناوچەیی دەکەنەوە، ئەمەش وا دەکات وەڵامدانەوەی سیستم بە داواکاریەکانی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کارێکی قورس و دژوار بێت، مەگەر ئەوەی دیالێکتی دولایەنە و خواستی دولایەنە هەبێت بۆ بابەتەکە وەك ئەوەی لە باشوری سودان ڕویدا.

## کوردستان و ڕوانگەی نێودەوڵەتی

بابەتی مافی چارەی خۆنوسینی کورد بابەتێکی نوێ نیە، بەدرێژایی مێژوو بزوتنەوەی رزگاری خوازی میللەتی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان خەباتی بۆ کراوە. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان نیە لە ڕوی مێژوییەوە تیشك بخەینە سەر مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە باشوری کوردستان، نوسەری ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەی "کاریگەری شوناس لە پەیکەری سیاسی عێراق" کە لەلایەن ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵی ٢٠١٦، بڵاو کراوەتەوە تیشك خراوەتە سەر هەوڵەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە باشوری کوردستان. بۆیە راستەوخۆ دێینە سەر داواکاری و ڕاپرسی باشوری کوردستان ڕەفتار و کاردانەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەم پرسە.

پاش کۆبونەوەی حزب و لایەنە سیاسیەکان بۆ مەبەستی ئەنجامدانی گشپرسی، فواد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند:

"ئەمرۆ پێنج شەممە ٢٠١٧/٦/٨ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٦) کە لە ٢٠١٧/٦/٨ دەریکردووە بڕیاریداوە راپرسی ئەنجام بدرێت لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥، بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی راسپاردووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی راپرسی و ئەوەش بە مەبەستی جێبەجێکردنی مافی چارەنووس لەلایەن گەلی کوردستان. لە فەرمانەکەدا سەرۆکی هەرێم بڕیاریداوە کە راپرسی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجام بدرێت، و لە راپرسیەکەدا پرسیار لەوە بکرێت کە ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی راسپێردراوە کە کار بکەن بۆ رەخساندنی بواری بەشداریکردنی رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە لەم پرۆسەیەدا" (سایتی سەرۆکایەتی هەرێم : ٢٠١٧/٦/٨).

ئەم بڕیارە لە کاتێکدا بوو دوو هێزی سیاسی کوردستان ( بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی) بەشدار نەبون، رەزامەند نەبون بە کات و ساتی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم. لە لایەکی تریش دەرچونی ئاوا بڕیارێك لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێم سەرچاوەی ناشەرعی بوو چونکە پێیان وابوو ئەم پرسە گرنگانە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێ بدرێت سەرۆکایەتی

هەرێم لەوکاتەدا پۆستەکەی ناکۆکی لەسەربوو بە هۆی تەواو بونی ماوەکەیەوە. سەرەرای ئەم ناکۆکیە و جیاوازی دید و بۆچون لە کات و ساتی ئەنجامدانی ڕاپرسی بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/١٥، بەبێ ئامادەبونی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان و کۆمەڵ بە دەنگی ٦٨ پەرلەمانتار لە کۆی ١١١ ئەندام، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پەسەندکردنی تەواوی ئەو ڕێکارانەی پێشتر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتونیەتەبەر بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە، (سایتی پەلەمانی کوردستان : ٢٠١٧/٩/١٥).

ڕیفراندۆم لە وادەی خۆی ئەنجام درا، دانیشتوانی کوردستان بەرێژەی لە ٩٢.٧٣٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دابوو، تێدا ڕێژەی بەشداری بریتی بوو لە ٧٢.١٦٪، ژمارەی بەشداربوان لەم ڕاپرسیە بریتی بووە لە سێ ملێون و سێ سەد و پێنج هەزار نۆ سەدو پێنج دەنگدەر(کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی). پرسی ڕاپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە عێراقدا کاردانەوەیەکی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، بە شێوەیەکی فەرمی وڵاتانی هێنایە سەرخەت.

سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕاپرسی سەربەخۆی کوردستان، حکومەتی فیدڕاڵی عێراق هەرزوو بەرپەچی دایەوە، داوای گەرانەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای دەستور کرد. بەڵام پاش ئەنجامدانی ڕاپرسی لە وادەی خۆیدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆی لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٧، سەبارەت بە ڕاپرسی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕایگەیاند "ڕاپرسییەکە نادەستوریە پێچەوانەی مادەی یەکەمی دەستوری فیدڕاڵی عێراقە و بڕیارێکی تاک لایەنەیە، ڕاشی گەیاند سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی عێراق واتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپشکە بە تەواوی ئەو ڕێکارانەی بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات. بڵاو کردنەوەی هێزەچەکدارەکان لەو ناوچانە کە پێش ٢٠١٤/٤/١٤ لەوێ بون هەروها دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان لە نێوانیشیاندا کەرکوك. پاراستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ هاوڵاتیانی کورد بەو پێیەی کە پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقن. جەخت کردن لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و ئاسایشی نیشتمانی تایبەت بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسای لە ڕێگەی دادگاوە لە دژی ئەنجامدەرانی بڕیاری ڕاپرسی لە نێویشیاندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ولایەتەکەی بەسەرچووە. هەروەها لەکار لابردنی پارێزگاری کەرکوك. بانگەشە بۆ سەرۆك کۆماری عێراق هەستێت بە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی بە پێی مادەی ٦٧ لە دەستوری عێراقی بەو پێیەی کە پۆستەکەی هێمای یەکپارچەی عێراق و سەروەریەکەیەتی"(دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٧/٩/٢٧). بەشێوەیەکی گشتی زۆریك لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لایەن حکومەتی فیدراڵی خرانە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

لەلایەکی تر کاردانـەوە هەرێمییـەکان لـە نێوانیانـدا وڵاتـانی عـەرەبی و کۆمکاری عـەرەبی. ئێـران و تورکیـا، سەرجەمیان دژایەتیان بۆ بڕیـاری ڕاپرسـی و ئـەنجامی گشپرسـی عێـراق خسـەتە ڕوو بـۆ پشـگیری یەکپارچـەیی عێراق. ئێران لەسەر داوای عێراق هێڵە ئاسمانیەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخست. سـەرۆك کۆمـاری تورکیا ڕایگەیاند هێزە سەربازیەکانی لـە سـنوری کوردسـتانی عێـراقن و ئەگـەری داخسـتنی هێڵـی بـۆری نـەوتی نێوانیان هەیە. وڵاتانی بیانی ئەمریکا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئـەڵمانیا، سـەرجەمیان داوای یەکپارچـەیی عێراقیـان کرد، داوای پاراستنی مافی کوردیان لە عێراق کرد بە پێی دەسـتوری عێراقی. واشـنتۆن ڕایگەیانـد ئـەوان لەگـەڵ ڕاپرسی کوردستان نین ئەنجامدانیشی تەواوی ئـەو پرۆسـە نێوەندگیریـەی هـەوڵیان بـۆ داوە بـە درێـژایی چـەند ساڵی ڕابردوو دەخاتە مەترسیەوە لەهەمان کاتدا پێشنیارەکانی کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی بـۆ نێوەنـدگیری دەخاتـە مەترسیەوە. مەترسی ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەنجامـدانی ڕاپرسـی وا دەکـات ناکۆکیـەکانی هـەولێر و بغـداد زیـاتر بـبن لـە ئەنجامـدا سـەرنج لـە ڕوبەڕوبونـەوەی تـیرۆر و داعـش لـە عێـراق و ناوچـەکە کـەم دەکاتـەوە وا دەکـات مەترسیەکان زیاتر ببێت (Rhys Dubin, Emily Tamkin ،Foreign policy 2007).

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢١، واتە سێ ڕۆژ پێش ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لە بڕیاری ژمارە ٢٣٩٧ (٢٠١٧) جەخت لە یەکپارچەیی عێراق و سەروەرییەکەی لەسەر بنەمای پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکاتەوە. گەرچی بەشێکی زۆری ئەم بڕیارە تایبەتە بەو کاروکردەوانەی کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش"ە، لەوانەش ئەو تاوانەی کە دژی ژن، منداڵ، کاری تیرۆرستی، تەقینەوە، بازرگانی کردن بە ئافرەتان، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازی دینی و ئایدۆلۆژی، هەموو ئەم تاوانانەی خستوەتە قاڵب تاوانی دژی مرۆڤایەتی، جینۆساید، تاوانی جەنگ. بڕیارەکە هیچ ئاماژەیەك بە ئەنجامدانی ڕاپرسی سەربەخۆیی کوردستان ناکات بەڵام ئەوەی تێدا ڕونە جەخت لە یەکپارچەی و سەروەری خاکی عیڕاق دەکاتەوە. گەرچی لە بڕیاری ئاماژە بۆکراو لە سەرەتا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەخت لە تەواوی بڕیارەکانی پێشوتری دەکاتەوە " ١٢٦٥ (١٩٩٩)، ١٣٢٥ (٢٠٠٠)، ١٣٦٨(٢٠٠١)، ١٣٧٣(٢٠٠١)، ١٦٢٤(٢٠٠٥)، ١٨٩٤(٢٠٠٩)، ٢١٠٦(٢٠١٣)، ٢١٥٠(٢٠١٤)، ٢١٧٠(٢٠١٤)، ٢١٧٨(٢٠١٤)، ٢١٩٩(٢٠١٥)، ٢٢٤٩(٢٠١٥)، ٢٥٣(٢٠١٥)، ٢٣٢٢(٢٠١٦)، ٢٣٣١(٢٠١٦)، ٢٣٤١(٢٠١٧)، ٢٣٤٧(٢٠١٧)، ٢٣٥٤(٢٠١٧)، ٢٣٦٧(٢٠١٧)، ٢٣٦٨(٢٠١٧)، ٢٣٧٠(٢٠١٧)"، بەسەرنجدان لە تەواوی ئەو بڕیارانەی ئاماژەی بۆ دراوە لە بڕیاری ٢٣٩٧(٢٠١٧)، ئەنجومەنی ئاسایش جەخت لە ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر، پاراستنی سەلامەتی ئاسایشی هەرێمی و نێودەوڵەتی، پاراستنی کەسانی مەدەنی لەکاتی جەنگ لەوانەش ژن و منداڵ، هەروەها جەخت کردنەوە لە سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی وڵاتان و ڕێزگرتن لە سەروەریان.

بۆیە لێرەدا ڕونە نەتەوەیەکگرتووەکان وەك گەورەترین ئۆرگانی نێودەوڵەتی لەڕوی سیاسی و یاسایی چەتری نێودەوڵەتی پەیامی ئەوەیدا سیستمی نێودەوڵەتی لە ئێستادا جەخت لە ڕوبەڕوبونەوە تیرۆر، یەکپارچەیی، ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، پێداویستیەکانی نەتەوایەتی بۆ خواستی سەربەخۆیی لە بژاردەو بەرنامە پێشنیەکانیدا نیە. کاتێکیش ئەم پەیامە ئاڕاستەی بەرپرسانی کورد کرا پرسی سەرەکی دنیا لە

ناوچەکەدا ڕووبەڕووبونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعشە)، مەبەست لێی ئەوە بوو کۆمەڵی جیهانی  سیستمی نێودەوڵەتی پلە بەندیانی لە پرسەکاندا بۆ گەشتنی ئەم سیستمە بۆ ئاشتی جیهانی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا پرسی تیرۆرە پاش شەڕی سارد پرسێکی ئاڵۆزەو بۆ چەند دەیەیەکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە ئێستادا بەدەمەوەچون بۆ ویستەکانی ناسیۆنالیزم مژارێکی قورس دەبێت بۆی.

## ڕوانین بۆ جیهانگیری و نەتەوایەتی

نەتەوایەتی لە دووسەد ساڵ پێش ئێستا هاوکار بووە تا چوارچێوەی سیاسەتی جیهانی پێ دابڕێژرێت و گۆڕان دروست بکات. لەهەمان کاتدا ئەم بابەتە بە سروشتی خۆی کاریگەریەکەی هەمیشە جێگەی باس بووە. نەتەوایەتی شێوازێکە لە شێوەی ئایدۆلۆژیا توانای لە خۆگرتنی هەمە چەشنەی شێوازێکی سیاسی هەیە. لە کاتە جیاوازەکاندا توانیویەتی چەشنەکانی، پێشکەوتن و دواکەوتن، دیموکراسی و ستەماکری، هێرش بەری و ئاشتی خوازی لەخۆبگرێت. لە ئەنجامی ئەمەدا هەندێك لە نێوان نەتەوایەتی (چاك و خراپ) دا جیاوازی دەکەن، ئەمەش بە تەواوەتی بەسراوە بە فکری نەتەوایەتیەوە بە ناونیشانی هێزێکی سیاسی. ئاشکرایە شێوەی ئازاد یان پێشکەوتوی نەتەوایەتی بەزۆری لە نەتەوایەتی سیاسی کلاسیکدا دەردەکەوێت. نەتەوایەتی کلاسیك دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی، بەهاکانی لەوێدا خۆی دەبنێتەوە. پرسێك لێرەدا ئەوەیە ئایا نەتەوایەتی دوو شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت؟ ئایا نەتەوایەتی شێوازی باش و خراپی هەیە؟ بۆچونێك لەوەی نەتەوایەتی دوو شێوازی هەیە مەبەست لێی نەتەوایەتی نەژادی و شارستانیە. نەتەوایەتی شارستانی مەبەست لێی پەیمان و بەها سیاسیە هاوپەیوەندی دارەکانە، نەتەوە "ئەنجومەنێکی هاوڵاتی"[1]ە . پاڵنەری نەتەوایەتی شارستانی بە هۆی کراوەیی و ئیرادەگەریەکەی شیاوی پەسەند کردنە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەندام بون تێدا بەستراوە بە ئارەزومەندی و هەڵبژاردەی تاك، نەك بەهۆکاری نەژادی و شوناسی مێژوی دیاری کرابێت. ئەم جۆرە لە نەتەوایەتی گونجاوە لەگەڵ بەهاکانی لیبڕالیزم و فرەی کەلتوری و نەژادی. بەڵام ڕەخنەگرانی نەتەوایەتی شارستانی ئەم پرسیارە ئاڕاستە دەکەن ئایا نەتەوایەتی شارستانی واتادارە یان نا؟ چونکە زۆرینە هاوڵاتیانی نەتەوەیەکی "شارستانی"، " سیاسی" نەتەوەی خۆیان لەسەر بنەڕەتی لەدایك بون دیاری دەکەن نەك لەسەر خواست و هەڵبژاردەی خۆیان. سەرەڕای ئەمە، جیاکردنەوەی ئەم دوپشکە لە نەتەوایەتی، زمان، مێژو، ڕۆحی سیاسی و بەهای شارستانی، بەتەنها ناتوانێت ڕۆحی نەتەوەی و هێزی نەتەوەی پایەداربکات.

لەبەرامبەردا نەتەوایەتی نەژادی جەخت لە یەکگرتوی نەژادی و هەستی قوڵی کەلتوری دەکاتەوە. ئەم شێوە لە نەتەوایەتی زۆرکات ڕوبەڕوی ڕەخنە دەکرێتەوە بەهۆی بونی ئەو کەسایەتیە داخراوە و نەگۆڕەی: سەخت و قورسە، زۆرجار ناکرێت بۆ کەسی بیانی تێکەڵی ئەم نەتەوەیە ببن وە ببنە ئەندام تێیدا. ئەم جۆرە لە

1 association of citizens

نەتەوایەتی کەسایەتی چەقبەستو دروست دەکات، ترس یان بیری خراپ لە بەرامبەر کەسی بیانی دروست دەکات باوەڕ بە جیا کردنەوەی کەلتوری بەهێز دەکات، بەزۆری تێکەڵەیەکە بە باوەڕی گەورەی نەتەوەیی. لە ئەنجامدا نەتەوەخوازی ناعەقلانی دێتە پێش چاو، ئارەزوی ئەوەی هەیە خێڵەکی و بێ سۆزبێت. لە لایەکی تر کار دەکات بۆ سیاسەتێکی داخراو هاوشانی سیاسەت و ڕواڵەتی نەژادی بێت. نەتەوەی نەژادی[1]، یان کەلتوری ئارەزویەکی زۆری بۆ یەکگرتن و هەستی کۆمەڵایەتی لە پێناو مەبەستی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەیە , Heywood: 2011 (163). لێردا دەکرێت مەبەست لێی جۆرێك لە پاڵپشت بێت بۆ ئابوری چینێکی دیاری کراو، یان پاڵپشت بێت بۆ سیاسەستی هێرشبەری چینێك لە سیاسەتمەداری دیاری کراو، کە لە سەدەکانی ڕابردودا بینەری جۆرگەلێك لەم سیناریۆیانە بوین، لێردا دەکرێت نەتەوەخوازی جۆرێك لە عەوامی فریودەر بێت، هەستی جیهانبینی و یەکگرتوی بەهاکان کاڵبکاتەوە لە پێناو ساغ کردنەوەی مەهامی سیاسەتێکی دیاری، کالایەکی دیاری کراو.

پرۆسەی جیهانگیری، کاری نەتەوایەتی قورستر کرد لە لایەکی تر تا ڕادەیەك پەیامەکانی نەتەوایەتی تۆختر کردەوە. دیاردەی کۆچ ، کرانەوەی بازاڕ، گەشت، دروست بونی کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان، گواستنەوەی هێزی کار و پێداویستی کارمەندی شارەزا لە سەرانسەری دونیا وایکرد نەتەوایەتی بکەوێتە ژێر کاریگەری جیهانگیریەوە. ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی دامەزراندنی ڕێکخراوە جیهانیە ناحکومیە تازەکان بەبونی ئەم ڕێکخراوانە تا رادەیەك کاریگەری لەسەر سەروەری ڕەهای دەوڵەتان داناوە ئیتر دەوڵەت وەك ئەو تۆپە بلیاردە لە سەدەکانی پێشودا هەبووە تەماشا ناکرێت. هەنێك لەم ڕێکخراوەنە بریتین لە (خۆشەویستانی گۆی زەوی، ئاشتی سەوز، سندوقی جیهانی بۆ سروشت)، دانیشتنە مەزهەبیەکان، ڕێکخراوە خۆشگوزەرانییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. تا ساڵی ١٩٩٢ زیاتر ١٥٠٠٠ جۆر لەم ڕێکخراوانە دروست بون لە ئاستی جیهانیدا چالاکی دەکەن. تا ساڵی ٢٠١٧، زیاتر لە ١٣٠٠ لەم جۆرە ڕێکخراوانە پەیوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان هەیە و هاوکارن لەبەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان. لەلایەکی تر ئەم ڕێکخراوانە تۆڕێکی ئالۆزی جیهانیان پێك هێناوە کە لەتوانای کۆنترۆڵ کردن نین، زیاتر لە سیاسەتی دەوڵەتی نەتەوە هەنگاویان ناوەو توانیویەتی سنوری ئەم دەوڵەتانە ببڕن(اصفهانی، ٢٠١٤ : ٢٦). دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت هێشتا دەوڵەتان کاراکتەری سەرەکی نێو یاریە نێودەوڵەتیەکانن، بەلام لەپاڵ ئەمەشدا جیهانگیری، دروست بونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکان و چالاکیەکانی کاریگەری لەسەر پرسە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی داناوە سەروەری وڵاتانی خستوەتە ژێرکاریگەریەوە.

لەلایەکی تر جیهانگیری بوەتە هۆی زیندوکردنەوەی ناسیۆنالیزم، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی نەژادی، چونکە هەندێك پێیان وابوو دیاردەی کۆچ و بازاڕی جیهانی وا دەکات شوناسی نەتەوەیی، پێوەرەکانی بازاڕ، ئابوری نەتەوەیی، تەنانەت سیاسەتی نەتەوەیی بکەوێتە ژێر کاریگەری و مەترسیەوە. لە ڕویەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانەی پاش ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی دەوڵەتەکەیان ڕوبەڕوی پرۆسەی دوبارە دەوڵەت سازی بویەوە، لە

1 ‘Ethnic nations

کاتێکدا بوو پەیامەکانی جیهانگیری لە بارودۆخی فراوان بوندا بون. دەوڵەتی نەتەوە بە واتا کلاسیکیەکەی نەیدەتوانی پارێزگاری لەخۆی دەربڕێت هەروەها شوناسی ئەم دەوڵەتانە بەشێوەیەکی ستونی لە سەرەوە بۆخوارەوە دوبارە داڕێژرایەوە دوربوو لە خواست و یەکگرتویی کەلتوری و سیاسی کۆمەڵایەتی(عێراق، ئەفغانستان)، ئەمەش کاری نەتەوایەتی و بونیادی نەتەوەیی خستە مەترسیەوە، لەبری ئەوە ناسیۆنالیزمی نەژادی و مەزهەبی تۆختركردەوە. ناكۆكیە نەژادی و مەزهەبیەكان لەم جۆرە وڵاتانە بەدرێژای ساڵانی ڕابردوو شوناسی ناسیونالیزمی نەژادی و مەزهەبی تۆختر كردوەتەوە لە هەمانكاتدا جیهانگیری وایكردووە شوناسە نەژادی و مەزهەبیەكان ئاستی ئاگاییان لەبەرامبەرخواستەكانیان بەرزتربێتەوە دوای هەرچی زیاتر بەشداری لە هێز، سیاسەت، ئابوری بكەن.

بەشێوەیەكی گشتی ڕواڵەت و پەیامەكانی جیهانی بوون فراوانن، پانتایی كاریگەریەكانی تەواوی كایە و بنەماكانی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری گرتوەتەوە. دروست بونی تۆڕی كۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، لە سەراسەری جیهان وایكردووە دەوڵەت چیتر نەتوانێت بەسەر هەموو بوارێكی ژیانی سیاسی هەژمونی بسەپێنی. ئینتەرنێت و تەكنەلۆژیای تۆڕی فراوان و بێ سنوری نێوان كەلتورە جیاوازەكان هیچ كەلێنێكی بۆ ئەو گروپ و تاكانە نەهێشتوەتەوە كە نەتوانن پەیوەندیەكان، تێگەشتنەكانی خۆیان هاوپەیوەند بكەن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەوڵەتان وەك كاراكتەرێكی سیاسی چالاك لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی چالاكی ئەنجام دەدەن بەڵام سەختە وەك سەدەكانی ڕابردوو بەو ڕۆحە نەتەوایەتیە چەقبەستووە ڕەفتار بكەن. ئەمرۆژە لە سایەی ئاگایی بون بە مافەكانی مرۆڤ، تێكەڵ بونی كەلتورە جیاوازەكان بە هۆكاری كۆچ و گەشت، كرانەوەی بازاڕی جیهانی و ئاشنا بون و خواستی كۆمەڵگا بە كاڵای بیانی، دەستێوەردانی وڵاتان لە بارودۆخی یەكتر بەهۆكاری سیاسی، مافی مرۆڤ، هەژاری، تەندروستی، بازرگانیكردن بە ژن، منداڵ پارێزی، بڵاو نەبونەوەی چەكی ئەتۆم، دەستێوەردانی مرۆڤدۆستان، لە سایەی جیهانگیری وادەكات پەیام و ئامانجەكانی نەتەوەخوازی كلاسیك و نەژادپەرستی قورستر ببێت و لەمپەڕی لەبەردەم دروست بێت.

ئەنیشتاین[1] دەڵێت " وێناكردن زۆر لە زانین گرنگترە"(Heywood , 2011 : 508). كورد و ناسیۆنالیزمی كوردی بە درێژای سەدەی ڕابردوو بەردەوام لە خەبات و تێكۆشان بووە. داڕشتنی نەتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە عێراق بەو پێوەرە باوەی كە لە دنیای خۆرئاوا هەیە دروست نەبووە. بەڵكو بەشێوەیەی ستونی بێ ویستی خۆیان دابەش كران بەسەر چەن میلەتێكی تردا ئەمەش وایكرد زیاتر لە سی ملیۆن كورد بێ لەبەرچاوگرتنی مێژو، زمان، جوگرافیا، بەهای سیاسی، كەلتوری، هاوبەشیان لەیەكدابڕێن. بەشێوەیەكی گشتی بەدەر لەو نادادپەروەریەی لە ویستی نەتەوەخوازی دەرحەق بەكوردەكان كرا لە ئەنجامی بەرژەوەندی وڵاتانی زل هێز و خاوەن بەرژەوەندی لە ڕێككەوتننامەی لۆزان مافی كورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی بە پێی ڕێكەوتنامەی سیڤەر پشتگوێ خرا. بەڵام پرسی كورد دەنگێكی باوە لە ئاستی نێودەوڵەتی هاوسۆزی هەیە لەگەڵ

1 Einstein " 'Imagination is more important than knowledge"

ئـەم پرسـە. پرسـی کـورد لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتی لـە ڕێکەوتنامـەی سـیڤەر هێنرایـە نـاو گۆڕەپـانی نێودەوڵـەتی، بۆجاری دووەمیش پاش جەنگی سارد بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ٦٨٨ جارێکی تر پرسی کـورد وەك نەتەوەیـەکی ستەم دیدە هێنرایە کایەوە لەسەر بنەمای دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە[1]، کیانێکی کوردی لـە باشـوری کوردسـتان لە ژێر چەتری نێودەوڵەتی وەك واقعێکی دیفاکتۆ دروستکرا. بۆ نەتەوەخوازی کورد گرنگە بتوانێـت هاوتـەریب لەگەڵ پەیامەکانی جیهانی بون، بازاڕی ئازاد، دیموکراتیزەبون، یاسای نێودەوڵـەتی و مـافی مـرۆڤ، هـەنگاو بنێـت. گرنگـە ناسـیۆنالیزمی کـورد بـە لەبەرچـاوگرتنی پەیامـەکانی جیهـانگیری و دەرفەتـەکانی جیهـانگیری بتوانێـت بەشێوەیەکی سەردەمی و دیپلۆماسیانە ئەم دۆزەی خۆی بەرەوپێش بەرێت بەجۆرێك وەك دەنگێکی بیسـراو لـە ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاوی بـۆ بنرێـت و ئاینـدەی دۆزی سیاسـی خـۆی پـێ وێنـە بکـات، بـۆ ناسـیۆنایزمی کورد گرنگـە بـاوەڕی بـە فرەیـی کـەلتوری، تێکـەڵی فەرهـەنگی تـۆڕی فراوانبـونی پەیوەندیـە کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، ئابوریەکان لە سەرتاسەری دنیـا هـەبێت، زەحمەتـە لـە دنیایـەکی کـراوەدا دەرگـاو ڕوەکـانی خـۆت قوفـڵ بـدەیت، دەکرێت لەپاڵ برەودان بە جەژن کەلتوری ڕەسـەنی خـۆت دنیـا بینیـەکی تـر جـۆرە گفتۆگۆیـەکی تـر بهێنرێتـە ئاراوە. ئەمیش وەك ئەو ڕوانگەیەی تیـۆری ڕەخنـەیی، کردنـەوەی گفتوگـۆ لـە ئاسـتی جیـاوازدا بەتایبـەتیش لـە ئاستی نێوان فەرهەنگی ئەتوانێت وەك ئامێرێك بـۆ شـکڵ گـرتنی تێگەشـتنی تـازە لـە سیاسـەتی جیهانی بێنێتـە پێشەوە، هەتا بە پێـدانی بـوار بـۆ ئـەو دەنگـە پەراوێزخراوانـە (marginal voices) بـۆ خسـتنە ڕووی بـیری ڕەخنەیی تازە لە تیۆری پەیوەندیە نێونەتەوەیەکان یاریدەدەری دەکات. لە ڕوانگەی هەست ناسـی ڕەخنەییـەوە، سروشتی مرۆڤ و هەوڵی مرۆڤایەتی ڕوبەڕوی تەحەدا دەکاتـەوە و سروشـتی مـرۆڤ جـێگیر و جەوهـەری دانانێـت شیاوی گۆرانە، هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی لەهەر کات و زەمەنێکدا بونی هەیە بەو جۆرە شکڵ دەگرێت بـە دروست بونی کۆمەڵایەتی و شوناسی چالاکوانەکان لەو زەمەن و کاتەدا جەخت دەکات.

1 Humanitarian intervention

## ئەنجام

نەتەوایەتی و پەیامەکانی بابەتی گرنگی نێو دنیای نێودەوڵەتی مێژوی سیاسی بووە. شەپۆلی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی بەشێوەیەکی تایبەت لە سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا پەرەی سەند بەجۆرێك بانگەشەی بۆ دەکرا خەڵك فێری ئەوە کرابون نەبونی نەتەوە بارودۆخێکی زۆر ناپەسەندە. هەر ئەمەش وایکرد میللەتانی دونیا لە ژێر خواستی جیاواز بۆ نەتەوەخوازی بارودۆخی خۆیان بگۆڕن لە ژێر پەیامەکانی نەتەوایەتی شوناسی خۆیان بناسێنن و سیاسەتی نەتەوەیی خۆیان ئاڕاستەبکەن. گەرچی نەتەوەخوازی لە ئەوروپا و فەرەنسا بە جۆرێك لە هێنانەکایەی دامەزراوەی سیاسی کە تێدا بەها سیاسی و کۆمەلایەتی ئابوریەکان حاکم بێت بەسەریەوە لێکدەدرایەوە بەلام لە ئاسیای خۆرئاوا و نیمچە قارەی هیند جۆرێك لە بەرگی مەزهەبی و نەژادی کرا بەبەردا، کە خۆی لە خۆیدا کۆڵنیالیزم دەوری کاریگەری هەبوو تێیدا. نەتەوەخوازی لە سەرەتای دەرکەوتنی وەك جولانەوەی سیاسی تا ئێستا وەك هێزێکی مەعنەوی کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێوان نەتەوەکان داناوە، لەلایەن ڕابەرانی سیاسی برەوی پێدراوە بۆ پرسە سیاسیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەوانەش برەودانی شەڕ بە جولاندنی هەستی نەتەوایەتی کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە ڕوانگەی نەتەوایەتی وێنا کردنی، بنیادنانی، بەدەر لە ڕوانگە مادیەکەی وەك خاك، دانیشتوان، زمان.. هیتر. لە ڕوانگەی نامادی وێنەکردن و شکڵ گرتنی بەسراوە بەو دیالێکتەی تایبەتە بە هێنانە ناوەی ڕۆحی نەتەوەیی. هەر ئەمەش وادەکات ئەم چەمکە زۆرتر لە شیکارێك هەڵگرێت وا دەکات چەمکی نەتەوایەتی نەرمی لە خۆیدا بنوێنێت، ئەو سنور و پێناسانەی بۆی دیاری کراوە دەکرێت گۆڕانی بەسەردابێت بە نەگۆڕی نەمێنێتەوە، ئەمەش ئەو بابەتەیە تیۆری ڕەخنەیی جەختی لێ دەکرد دیاردەکان، بۆنەکان، بەهاکان، بەرهەمی کۆشش و هەوڵی مرۆڤایەتین بەستراوە بەو ژینگەیەی کە لەو سەردەمەدا تاك و کۆمەڵگا پێی ڕەزامەندن و برەوی پێ دەدەن، هەر ئان و ساتێك قابیلی گۆڕانە. جیهانگیری وەك دیاردەو هێزێکی کاریگەر بابەت و شیکردنەوەی نەتەوایەتی خستە ژێر کاریگەری، ئەگەر لە کۆندا زمان، سەرزەوی، مێژوی هاوبەش ڕوی باوی نەتەوایەتی بوبن ئەوە جیهانگیری و پەیامەکانی وایکرد نەتەوایەتی لە دنیادا بەجۆرێکی تر خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەکرێت لە ڕێگەی کۆچ، تێکەڵ کردن و ئاشناکردنی کەلتورە جیاوازەکان، بازرگانی کردن، گەشت، وا بکرێت دەوڵەتانی دونیا یان نەتەوە جیاوازەکان ناکۆکیەکانی نێوانیان وەلا بنێن دەستی هاوکاری لە دونیایەکی فراوان بۆیەکتری ڕابکێشن تێکەڵی فەرهەنگی، سیاسی، ئابوری دەتوانێت جۆرێك لە نەتەوایەتی رۆمانتیك یان بەرژەوەندی خواز بێنێتە ئاراوە. لە ڕویەکی تر جیهانگیری جۆرێك لە ناسیۆنالیزمی نەژادپەرەستی زیندو کردەوە بە تایبەتی لە ولاتە فرە شوناسەکان یان ئەو ولاتانەی پەیکەری دروست بونی نەتەوە و دەوڵەت سازیان پرۆسەیەکی مێژویی تێ نەپەڕاندبوو، بەڵکو لە ژێر نفوز و خواستی ولاتانی زلهێز پێکهێنرا بون. جیهانگیری وایکرد ئەم نەتەوەخوازیە نەژادیانە ئاگاهیان لەبەرامبەر یاسا نێودەوڵەتیەکان تایبەت بە مافی چارەی خۆنوسین، مافی مەدەنی و ساسی، بازرگانی و سیستمی ئابوری، لەسەر بنەمای خواستی خۆیان زیاد ببێت. لە ڕاستیدا گەرچی نەتەوایەتی تا ئێستا یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی

**دنیای نێودەوڵەتی بەڵام ئاڵۆزبونی خواستە نێودەوڵەتیەکان و چڕبونەوەی هاوکاری و جیاوازی بۆ پرسە نێودەوڵەتیەکان وایکردووە بردنە پێشەوەی خواستی پێکهێنانی نەتەوەخوازی مژارێکی قورس بێت بە تایبەتی گەر نەتەوەخوازییەك لەسەر بنەمای نەتەوایەتی نەژادی و دور لە پەیامەکانی جیهانی بون بێت. لەگەڵ ئەوەی دونیا بۆ دروست کردنی بەهاکان، لە سیستمێکی ستونی و سەرەتای (فەرمان، کۆنترۆڵ)، هەنگاو دەنێت بۆ سیستمێکی ئاسۆی ( پەیوەندی، هاوکاری)، وا دێتە پێش چاو دروشمەکانی ناسیۆنالیزمی چەق بەستوو لەمپەری بۆ دروست ببێت، نەتەوەخوازی ئێستا پێویستی بە دیالێکتی تازەو نەرمی نواندن لەگەڵ فرەی کەلتوری، سیاسی، ئابوری دەبێت.**

## سەرچاوەکان


**فارسى**

احمد نقيب زاده. ٢٠١١، تاريخ ديپلماسي و روابط بين¬الملل از ڤيمان ويستفالي تا امروز، ضاث دهم، تهران: قومس.

حميرا مشيرزاده. ٢٠١٠، تحول در نظريه¬هاي روابط بين¬الملل، ضاث ثنجم، تهران: سمت.

حسين بشيريه. ٢٠٠٨، آموزش دانش سياسي مباني علم سياست نظري و تأسيسي، ضاث نهم، تهران: معاصر.

مجيد بزرطمهري. ٢٠٠٩، تاريخ روابط بين¬الملل(١٨٧٠-١٩٤٥)، ضاث اول: تاران، سمت.

جعفر ابراهيمي مينق، محمد اميري، مهدي عامري.٢٠٠٨، مكتب فرانكفورت و نظريه انتقادي(آراء و نظريه¬ها). ثذوهش نامه علوم اجتماعي، سال اول، شماره ضهارم، زمستان ٢٠٠٨. ٨١-٨٢.

فريد هاليدي.٢٠٠٩،"جهاني شدن سياست: روابط بين¬الملل در عصر نوين(موضوعات بين المللي، جهاني شدن در آينده)"، ترجمه ابوالقاسم راه ضمني و ديطران، مؤسسه فرهنطي مطالعات و تحقيقات بين المللياىرار معاصر تهران، ص ٩٧٢- ٩٧٤-٩٨٩.

يان كلارك.٢٠٠٩،"جهاني شدن سياست: روابط بين¬الملل در عصر نوين(موضوعات بين المللي، جهاني شدن در آينده)"، ترجمه ابوالقاسم راه ضمني و ديطران، مؤسسه فرهنطي مطالعات و تحقيقات بين المللياىرار معاصر تهران، ص١٣٨٥- ١٣٨٧- ١٣٨٨- ١٤٠٤.

توماس آل فريدمان. ٢٠١٤، جهان مسطح است، ترجمه مسعود موسوي شفائي، تهران، مركز مطالعات و برنامه ريزي شهر تهران، ص ٢٦٦.

ليلا عنايتي. ٢٠٠٣، نقد و بررسي درباره تعريف ناسيونالسم، سال هفتم، شماره بيست و هشتم، ثايز ٢٠٠٣. ٦٢.

عليرضا سميعي اصفهاني، امران كياني. ٢٠١٤، جهاني شدن و دولت- ملت سازي در كشورهاي ثسا منازعه(نمونه ثذوهي عراق)، فصلنامه مطالعات راهبردي جهاني شدن، سال ثنجم/ شماره سيزدهم/ ثايز ١٣٩٣،ص ٧.

**عەرەبی**

دستور العراقي ٢٠٠٥.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٣٧٩(٢٠١٧)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠٥٢، المعقودة في ٢١/ أيلول ٢٠١٧.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٢٦٥(١٩٩٩)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٠٤٦، المعقودة في ١٧/ أيلول ١٩٩٩.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٢٢٥(٢٠٠٠)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٢١٣، المعقودة في ٣١/ تشرين الأول ٢٠٠٠.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٣٦٨(٢٠٠١)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٣٧٠، المعقودة في ١٢/ أيلول ٢٠٠١.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٦٢٤(٢٠٠٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٥٢٦١، المعقودة في ١٤/ أيلول ٢٠٠٥.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٨٩٤(٢٠٠٩)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠٥٢، المعقودة في ١١/ تشرين الثاني ٢٠٠٩.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٠٦(٢٠١٣)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٦٩٨٤، المعقودة في ٢٤/ حزيران ٢٠١٣.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٥٠(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧١٥٥، المعقودة في ٢١/ أيلول ٢٠١٤.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٧٠(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٢٤٢، المعقودة في ١٥/ اب ٢٠١٤.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٧٨(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٢٧٢، المعقودة في ٢٤/ أيلول ٢٠١٤.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٩٩(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٣٧٩، المعقودة في ١٢/ شباط ٢٠١٤.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٤٢(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٥٣٣، المعقودة في ٢١/ تشرين الأول ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٤٩(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ، المعقودة في ٢٠/ تشرين الثاني ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٥٣(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٥٨٧، المعقودة في ١٧/ كانون اول ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٣٧٠(٢٠١٧)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠١٧، المعقودة في ٢/ اب ٢٠١٤.

**فارسی**

احمد نقیب زاده. ۲۰۱۱، تاریخ دیپلماسی و روابط بین‌الملل از پیمان ویستفالی تا امروز، چاپ دهم، تهران: قومس.
حمیرا مشیرزاده. ۲۰۱۰، تحول در نظریه‌های روابط بین‌الملل، چاپ پنجم، تهران: سمت.
حسین بشیریه. ۲۰۰۸، آموزش دانش سیاسی مبانی علم سیاست نظری و تأسیسی، چاپ نهم، تهران: معاصر.
مجید بزرگمهری. ۲۰۰۹، تاریخ روابط بین‌الملل(۱۸۷۰-۱۹۴۵)، چاپ اول: تاران، سمت.
جعفر ابراهیمی مینق، محمد امیری، مهدی عامری.۲۰۰۸، مکتب فرانکفورت و نظریه انتقادی(آراء و نظریه‌ها). پژوهش نامه علوم اجتماعی، سال اول، شماره چهارم، زمستان ۲۰۰۸. ۸۱-۸۲.
فرید هالیدی.۲۰۰۹،"جهانی شدن سیاست: روابط بین‌الملل در عصر نوین(موضوعات بین المللی، جهانی شدن در آینده)"، ترجمه ابوالقاسم راه چمنی و دیگران، مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللیابرار معاصر تهران، ص ۹۷۲- ۹۷۴-۹۸۹.
یان کلارک.۲۰۰۹،"جهانی شدن سیاست: روابط بین‌الملل در عصر نوین(موضوعات بین المللی، جهانی شدن در آینده)"، ترجمه ابوالقاسم راه چمنی و دیگران، مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللیابرار معاصر تهران، ص۱۳۸۵- ۱۳۸۷- ۱۳۸۸- ۱۴۰۴.
توماس آل فریدمان. ۲۰۱۴، جهان مسطح است، ترجمه مسعود موسوی شفائی، تهران، مرکز مطالعات و برنامه ریزی شهر تهران، ص ۲۶۶.
لیلا عنایتی. ۲۰۰۳، نقد و بررسی درباره تعریف ناسیونالسم، سال هفتم، شماره بیست و هشتم، پایز ۲۰۰۳. ۶۲.
علیرضا سمیعی اصفهانی، امران کیانی. ۲۰۱۴، جهانی شدن و دولت- ملت سازی در کشورهای پسا منازعه(نمونه پژوهی عراق)، فصلنامه مطالعات راهبردی جهانی شدن، سال پنجم/ شماره سیزدهم/ پایز ۱۳۹۳،ص ۷.

**عەربی**

دستور العراقي ٢٠٠٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٣٧٩(٢٠١٧)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠٥٢، المعقودة في ٢١/ أيلول ٢٠١٧.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٢٦٥(١٩٩٩)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٠٤٦، المعقودة في ١٧/ أيلول ١٩٩٩.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٢٢٥(٢٠٠٠)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٢١٣، المعقودة في ٣١/ تشرين الأول ٢٠٠٠.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٣٦٨(٢٠٠١)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٤٣٧٠، المعقودة في ١٢/ أيلول ٢٠٠١.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٦٢٤(٢٠٠٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٥٢٦١، المعقودة في ١٤/ أيلول ٢٠٠٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار١٨٩٤(٢٠٠٩)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠٥٢، المعقودة في ١١/ تشرين الثاني ٢٠٠٩.

الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٠٦(٢٠١٣)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٦٩٨٤، المعقودة في ٢٤/ حزيران ٢٠١٣.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٥٠(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧١٥٥، المعقودة في ٢١/ أيلول ٢٠١٤.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٧٠(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٢٤٢، المعقودة في ١٥/ اب ٢٠١٤.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٧٨(٢٠١٤)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٢٧٢، المعقودة في ٢٤/ أيلول ٢٠١٤.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢١٩٩(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٣٧٩، المعقودة في ١٢/ شباط ٢٠١٤.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٤٢(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٥٣٣، المعقودة في ٢١/ تشرين الأول ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٤٩(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ، المعقودة في ٢٠/ تشرين الثاني ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٢٥٣(٢٠١٥)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٧٥٨٧، المعقودة في ١٧/ كانون اول ٢٠١٥.
الأمم المتحدة، مجلس الأمن. القرار٢٣٧٠(٢٠١٧)، الذي اعتمده مجلس الأمن في جلسة ٨٠١٧، المعقودة في ٢/ اب ٢٠١٤.

**كوردی**

ئەنجامی ڕپرسی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ٢٠١٧.

پەسەند کردنی ڕێکارەکانی ئەنجامدانی ڕاپرسی، وێب سایتی پەلەمانی کوردستان : ٢٠١٧/٩/١٥.

**ئینگلیزی**

Andrew Linklater, B et al., 2007. International Relation Theory for the twenty- First century, by Routledge.
Globalisation and its effects on nationalism. 2008, by Christian von Campe.
Heywood, A., 2011. Global Politics, First published 2011 by PALGRAVE MACMILLAN.
Dubin, R., Tamkin, E,. 2017, Iraqi Kurds Vote for Independence Over U.S. Objections, FP, SEPTEMBER 25, 2017
http://foreignpolicy.com/2017/09/25/iraqi-kurds-vote-for-independence-over-u-s-objections/
https://outreach.un.org/ngorelations/content/about-us-0